
ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی
نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عیراق ( یونامی ) ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ

# داوایەك بۆ لێپرسینەوەو پاراستنی : ڕزگاربووانی ئێزیدی لە تاوانە قێزەوەنەکانی داعش

ئابی ٢٠١٦


IRAQ - Reference Map
Jan. 2015
TURKEY
SYRIAN ARAB REPUBLIC
ISLAMIC REPUBLIC OF IRAN
SAUDI ARABIA
KUWAIT
RDAN
Demographics
Capital
Gov Capital
Major City
Boundaries
Border Crossings
Governorate Boundary
District Boundary
Transportation
Primary routes
Hydrology
Lakes and reservoirs
Permanent rivers / canals
Land subject to inundation
Dahuk
Ninewa
Erbil
Kirkuk
Al Sulaymaniyah
Salah Al-Din
Diyala
Al Anbar
Baghdad
Babil
Kerbala
Wassit
Al Qadissiya
Missan
Thi-Qar
Al Basrah
An Najaf
Al Muthanna
BAGHDAD
Erbil
Basrah
UN Joint Analysis Unit

١. پێشەکی ........................................................................ ٥

٢. مێتۆدۆلۆجی ........................................................................٦

٣. باکگراوند ........................................................................٧

٤. چوارچێوەی یاسایی ........................................................................٩

٥. پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە لایەن داعشەوە لەدژی ئێزیدیەکان ئە نجامدراون لە نێوان مانگی ئابی ٢٠١٤ تا حوزەیرانی ٢٠١٦ ........................................................................١٠

١- دەرکردنی بەزۆرەملێ ........................................................................١٠

٢- بەزۆر ئاین پێگۆڕین........................................................................١٣

٣- ڕفاندن، بێبەشکردن لە ئازادی، مامەڵەی توندوتیژ و نامرۆیی و سوکایەتی پێکردن...........١٤

٤- کوشتن بەشێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراوو بەرفراوان...........................................١٦

٥- توندوتیژی سێکسی / بەکۆیلەکردنی سێکسی ...............................................١٩

٦. گۆڕی بەکۆمەڵ ........................................................................٢٣

٧. هاوکاری بۆ ڕزگاربووەکانی ئێزیدی و خانەوادەکانیان...........................................٢٣

٨. پوختەو پێشنیارەکان ........................................................................٢٤

*‘ دووای دوو ساڵ لە کەوتنی نینەوا ، پێکهاتەی ئێزیدی بە بەردەوامی بوونەتە ئاما نجی تاوانەکانی داعش، بە هەزاران ژن و پیاوو منداڵ کوژراون و وونکراون یانیش بە دیلی ماونەتەوە کە دووچاری درەندەترین کاری دەستدرێژی سێکسی جەستەیی دەبنەوە. ئەوانەیش کەوا بەزۆر کراون بە موسوڵمان ئەوا لەژێر چاودێری چڕی داعشدا ماونەتەوە. زۆربەی ئەو پیاوانەی کە ڕەتیانکردۆتەوە کە ئاینەکەیان بگۆڕن ئەوا کوژراون، هەروەها ئافرەت و کوڕی گە نجیش وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە لەنێوان چەکدارەکانی داعشدا . شوێنە ئاینی و کەلتوریەکانیش بەشێوەیەکی سیستیماتیکی ڕوخێنراون. سروشتی شایە تمانی شایە تحال و ڕزاگاربووەکان کەلەم ڕا پۆرتەدا پێشکەش کراوە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کەوا داعش ئەم تاوانە قێزەوەنانەی بەشێوەیەکی داڕێژراو لەدژی ئێزیدیەکان و پێکهاتە ئاینی و ئیتنیەکانی تردا ئە نجام داوە. بە پشتبەستن بەم بەڵگانەوە زۆر گرنگە بۆ قوربانیەکان و ڕزگاربووەکان، هەروەك داواکراوە لەلایەن کۆبەندی ویژدانی مرۆڤایەتی کە ئە نجامدەرانی ئەم کارە قێزەوەنانە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.‘*

**بەڕێز، یان کۆبیش**

**نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق, ١٥ ئابی ٢٠١٦، بەغدا**

*‘ هەست بە نیگەرانیەکی زۆر دەکەم بەرامبەر ئەم کاریگەرییە گەورەیەی کەوا کێشەکان لەسەر خەڵکی سڤیلیان دروست کردووە، بەتایبەتیش بەسەر پێکهاتە ئیتنی و ئاینیە کۆن و هەمەجۆرەکان لە عیراقدا . ئەم ئەزموونەی کە لەلایەن قوربانیەکان و ڕزگاربووەکاندا لەم ڕا پۆرتەدا گێردراوەتەوە پەردە لەسەر هەموو کارە بەربەری و قێزەوەنەکان هەڵدەداتەوە کە ئەوەندە بەرفرەوانە مێشك قەبوڵی ناکات وە دەبێتە پێشیلکارییەکی گەورە لەسەر شکۆمەندی مرۆڤ و ئیهانەیەکی گەورەشە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. ئەوەی لە توانایان دابووە، هەریەك لە ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی / یونامی دۆکۆمێنتی زۆربەی ئەم پێشێلکاریانەیان کردووە لە مافەکانی مرۆڤدا وە بەردەوامیش دەبن لەم کارەیاندا , بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ گێرانەوەی شکۆمەندی بۆ قوربانیەکان و ڕزگاربووەکان وەك ڕێگایەك بۆ وەدەستهێنانی داد پەروەری. شایەتنامەکانی کە لەم ڕا پۆرتەدا تۆمارکراون دەکرێت ببن بە داواکاریەکی ڕوون بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خستنەگەڕی هەموو هەوڵەکان بۆ زامنکردنی لێپێچینەوە لەم تاوانە قێزەوەنانەو ناردنی پەیامێکی ڕوون بۆ ئەوەی کە ناکرێت ئەم جۆرە تاوانانە بەبێ سزادان تێپەڕبێت و پارێزبەندی هەبێت ‘ .*

**بەڕێز زید رعد الحسين**

**کۆمیسیاری کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان،١٥ ئابی ٢٠١٦، جنێڤ**

## ١. پێشەکی

لەمانگی ئابی ٢٠١٤ دا، بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ( داعش ) چەند ناوچەیەکی لە باکوری عیراقدا داگیر کرد. لەکاتی هێرشەکانیشدا داعش بەشێوەیەکی سیستماتیك ئەندامانی پێکهاتەی ئێزیدی کردە ئامانج بە کوشتن و دەستگیرکردنی هەزاران کەس لە نێو گوندەکانی خۆیاندا کە کەوتۆتە پارێزگای نینەوا. ئەوەبوو بەدەیان هەزار کەس ڕایانکرد بەرەو چیای شنگال, وە ژمارەیەکی زۆریشیان بەرەو پارێزگای دهۆك هەلاتن لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

لەم کاتەوە نزیکەی ٣٦٠٠٠٠[١] ئێزیدی ئاوارە بوونە و ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەوان تاکو ئێستا لە کەمپەکانی ئاوارەی ناوخۆدا دەژین یانیش لەلایەن کۆمەڵگا ناوخۆییەکانەوە لە هەرێمی کوردستاندا میوانداری کراون.

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عیراق ( یونامی ) شان بەشان لەگەڵ ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵساون بە چاودێریکردنی بارودۆخی ئێزیدیەکان و بە دۆکۆمێنتکردنی ئەزموونەکەیان لەسەرەتای هێرشەکاندا لە ئابی ٢٠١٤ دا بۆ سەر شنگال. خێزان و تاکەکەسەکان لەلایەن یونامی و کۆمیسیۆنی باڵاوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە کە باسیان لە ترس و دڵەڕاوکێی خۆیان دەکرد بەهۆی شەڕو پێکدادانەکانەوە وە ئەو بارودۆخەی کە بەسەریان هاتووە. لە بەعاج و موسڵ و تلعفر و ئەو شوێنانەی کە داعش کۆنترۆلی کردن لە سەرەتای هێرشەکانەوە گەلێك هاوڵاتی ئێزیدی کوژران و بەهەزارانی تریش دەستگیرکران. ژن وپیاوەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەیەکتر جیا کردەوەو دواتر کچەکان و کچانی گەنجیان لە ئافرەتە بەتەمەنەکان جودا کردۆتەوە بۆ ئەوەی وەکو کۆیلەی سێکسی بەزۆرەملێ بەکاریان بهێنن[٢]. زۆر کەسیش باسیان لەوە دەکرد کەوا چەندین جار کارکردنی بەزۆرەملێیان پێکراوە و مامەڵەی نەشیاویشیان لەگەڵدا کراوە بەتایبەتی لە قەزای تلعفری سەر بە پارێزگای موسڵ, وە هەندێکی تریشیان باسیان لەوە کردووە کەوا بازرگانیان پێکراوەو لە سوریا فرۆشاون بە ئەندامانی داعش. ئەمەو تاکو ئێستاش هەزاران هاوڵاتی ئێزیدی بێسەروشوێنن. لە پاڵ هەموو ئەوانەشدا، مەزارو شوێنە ئاینی و کەلتوریەکانی ئێزیدیەکان بە شێوەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو و ئەنقەست لەلایەن داعشەوە تێکدراون و ڕوخێنراون وەك هەوڵێکیان بۆ سڕینەوەی کەلتوورو ئاینی ئێزیدیەکان[٣].

ئەو بەڵگەو زانیاریانەی کە لەلایەن یونامی و کۆمیسیۆنی باڵاوە کۆکراوەتەوە دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بووە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کە بەشێوەیەکی دووروودرێژ لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوە کراوە وە پاڵپشتێکیشە بۆ ئەوەی کە ئەم پێشێلکاریانە بەشێوەیەکی ڕێکخراوو نەخشە بۆ دارێژراو بەربلاو ئەنجام دراون بەمەبەستی تێکدانی پێکهاتەی ئێزیدی جا چ بە

---

[١] هەموو خەملاندنەکان لە دەسەلاتەکانی حکومەتەوە وەرگیراون : ئایاری ٢٠١٦

[٢] هەروەك لێژنەی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە کۆماری عەرەبی سوریا ڕاپۆرتێکی لە ١٥ حوزەیرانی ٢٠١٦ دا دەربارەی سوریا دەرکردووە بەناونیشانی " هاتوون بۆ تێکدان : تاوانەکانی داعش لەدژی ئێزیدیەکان" (A / HC / ٣٢ / CRP.٢) کە باس لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێزیدیەکان دەکات و چەند پێشنیارێکیش دەخاتە ڕوو بۆ هەریەك لە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی سوریاو عیراق و بەشێوەیەکی بلاوتریش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەربارەی پاراستن و برەودان بە پێکهاتەی ئێزیدی لە قەزای شنگال. زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە لەسەر ئەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە
www.ohchr.org/EN/HRBodies/HRC/IICISyria/Pages/IndependentInternationalCommission.aspx

[٣] پێشتر لە ڕاپۆرتەکانی یونامی\ کۆمیسیۆندا بلاوکراوەتەوە، بۆ نمونەش سەیری ڕاپۆرت بکە دەربارەی پاراستنی مەدەنیەکان لە کێشە چەکداریەکاندا لە عیراق ، لە ١١ی ئەیلول – ١٠ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٤ لا پەڕە ١٢ لەم لینکەدا
http://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_OHCHR_Sep_Dec_٢٠١٤.pdf

تەواوەتی بێت یان بەشێك[٤]. هەروەك لە ڕاپۆرتەکانی پێشوشدا هاتووە[٥] هەریەك لە یونامی و کۆمیسیۆنی بالاّ تێبینی ئەوەیان کردووە کە زۆربەی ئەم تاوانانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون دەگەنە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و لەوانەشە جینۆساید. ئەمەش دەکرێ لەلایەن دادگایەکی پەیوەستەوە دەستنیشان بکرێت.

هەر لەسەرەتای هاتنی داعش بۆ باکوری عیراق, هەریەك لە یونامی و کۆمیسۆنی بالاّ پێنج ڕاپۆرتیان دەرکردووە[٦] دەربارەی پاراستنی مەدەنیەکان کە پەیوەستە بەم کێشە چەکدارییەی کە لەعیراقدا لە ئارادایە، لەگەڵ دۆکۆمێنتکردنی هەموو پێشێلکاری و دەستدرێژیەکانی کە لەدژی ژن و پیاوو منداڵاندا لە هەموو پێکهاتە ئاینی و ئیتنیەکان ئەنجام دراوە، لەنێویشیاندا کریستیانەکان و کوردی فەیلی و کاکەیی و سابیئەو شەبەك و عەرەبی شیعە و تورکمان. ئەمەو ئەم پێکهاتانە بەشێوەیەکی ئەخشە بۆ داڕێژراو لەلایەن داعشەوە چەوسێنراونەتەوە وەکو بەشێك لە سیاسەتی بنبڕکردن و دەرکردن و تێکدانی ئەم پێکهاتانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی داعشدا[٧].

## ٢- میتۆدۆلۆجی ( مینهاج )

ئەم ڕاپۆرتە بەهاوبەشی لەلایەن یونامی و کۆمیسیۆنی بالاّوە دەرچووە بەپێی چوارچێوەی ئەو ماندێتەی ( دەسەلاّتەی ) کە هەیانە[٨].

---

[٤] دەربارەی تایەفەی ئێزیدی ( کە داعش بە کافرو ئەوانەی کە بت بەرست و بێدین ناوی بردوون. داعش نیەتی زۆر ڕوون بووە لە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگاکەیان و گۆڕینی ئاینیان بە زۆرەملێ، ئەمەش لەڕێگای پێشێلکارییە ڕاستەوخۆکانی کە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوە کراوە، هەروەها لە بلاّوکراوەکانی خۆشیاندا داعش باسیان کردووە بۆ نمونە لە گۆڤاری ( دابق ) دا نوسیویانە : لەکاتی دەستبەسەراگرتنی ناوچەی شنگال لە ویلایەتی نەینەوا دەوڵەتی ئیسلامی ڕووبەڕووی ئێزیدیەکان بۆتەوە کە گروپێکی بێباوەڕن ماوەیەکی زۆرە لە عیراق و شامدا دەژین. مانەوەی ئەم کافرانە لەم شوێنەدا پرسیارێکە کە موسوڵمانان لێی بەرپرسیار دەبن لەڕۆژی قیامەتدا وە خوداش لە ئایەتی ( السیف ) دا ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ باسی لەمە کردووە ( فإذا انسلخ الأشهر الحرم فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم وخذوهم واحصروهم واقعدوا لهم كل مرصد فإن تابوا وأقاموا الصلاة وآتوا الزكاة فخلوا سبيلهم إن الله غفور رحيم) التوبه ٥ . بەگوێرەی ئەمە داعش مامەڵەی لەگەڵ ئەم گروپەدا کردووە وە ئەوان کۆمەڵێك فقهائیان هەیە کە ئەوەیان نیشان کردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ بێباوەڕان بکرێت. بە پێچەوانەی یەهود و نصاری ئێزیدیەکان بواری جزیە دانیشیان پێنەدراوە. هەروەها دەکرێ ئافرەتەکانی ئەوان بەکۆیلە بکرێن بە پێچەوانەی موشریکەکانی تر کە فوقەهایەکان دەڵێن کە نابێت بکرێن بە کۆیلە بەڵکو یان بگەڕێنەوە یانیش بە شمشێر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. دووای گرتنی ئافرەت و منداڵە ئێزیدیەکان ئەوان بەپێی شەریعەت بەسەر ئەو چەکدارانەی داعشدا دابەشکراون کە بەشداریان لە شەڕەی شنگالدا کردبوو. دووای ئەوە ( خمس ) ی کۆیلەکان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی بوو ( غنائیم, دابەش کرا بەسەر سەرکردە سەربازیەکانی ئیسلامی ) . ئەمەو لە ئێستاشدا ئەم خێزانە کۆیلە ئێزیدیانە لەلایەن سەربازەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت ( گۆڤاری دابق ژ. ٤ ساڵی ١٤٣٥ ه کە دەتوانرێ لەم لینکەدا بدۆزرێتەوە

http://media.clarionproject.org/files/islamic-state/islamic-state-isis-magazine-Issue-٤-the-failedcrusade.pdf

[٥] لە پاڵ ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی یونامی \ کۆمیسیۆن نێردەی دەرخستنی ڕاستیەکانی کۆمیسیۆنی بالاّی مافەکانی مرۆڤ (report A/HRC/٢٨/١٨ of March ٢٠١٥).

[٦] From ٥ June to ٥ July ٢٠١٤, ٦ July to ١٠ September, ١١ September to ١٠ December ٢٠١٤, ١١ December ٢٠١٤ to ٣٠ April ٢٠١٥, and ١ May to ٣١ October ٢٠١٥. Reports are available on http://www.ohchr.org/EN/Countries/MENARegion/Pages/UNAMIHRReports.aspx

[٧] پێکهاتە ئاینیەکانی تریش کراونەتە ئامانج وەکو, کریستیانەکان و شەبەك و تورکمان و سابئە و کاکەیی و گروپەکانی تر.یونامی و کۆمیسیۆن لە ڕاپۆرتەکانی داهاتوودا دۆکۆمێنتی ئەم پێیلکاریانەش دەکەن کە لەدژی پێکهاتەکانی تردا ئەنجام دراون.

[٨] لە بڕیاری ١٧٧٠ دا لە١٠ی ئابی ٢٠٠٦ , ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە یونامی کردووە کە 'هەوڵ بۆ برەودان و بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی یاسایی و دادوەری بدات لە عیراق بۆ بەهێزکردنی سەروەری یاسا لە عیراق' بڕگەی ( ٢ ) ( ج ). ئەم متندێتەی یونای بەهەمان مەرج لە بۆ ٢٠١٥\٢٠١٦ بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژ. ٢٢٣٣ لە ٢٩ی تەموزی ٢٠١٥ دا درێژکرایەوە. بەپێی ئەو ماندێتەی کە هەیەتی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ / یونامی چەندین چالاکی ئەنجام دەدات بە ئامانجی بەهێزکردنی پاراستنی مەدەنیەکان لە کێشە چەکداریەکانداو لە نێویشیدا چاودێریکردنی بێلایەنانەو ڕاپۆرت دەربارەی توندوتیژی چەکداری و کاریگەری بەسەر خەڵکی سڤیلەوە, هەروەها پێشێلکاریەکان لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا.

زانیارییەکانی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕزگاربووەکان و شایە تحالەکانی پێشێلکاریەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیەوە وەرگیراون لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانی مافی مرۆڤیشەوە کۆکراونەتەوە. ئەم زانیاریانەش تەنها دووای ڕازیبوونی شایە تحاڵەکان بلاْوکراوەتەوە وە دووای ئەوەی کە تاکید کراوەتەوە لەوەی کە هیچ مەترسیەك نابێت لەسەر ژیانی ئەم کەسانەدا دووای بلاْوکردنەوەی زانیاریەکان.

ئەم زانیاریانەش لە چەندین سەرچاوەی جوداوە وەرگیراون، لە نێویشیدا ڕێکخراوو ئاژانسە حکومی و ناحکومیەکان و ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

بارودۆخی ئەمنی لە عیراق بەردەوام کاریگەری هەبووە لەسەر تواناکانی یونامی و کۆمیسیۆن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاودێری و تاکید لە ڕووداوەکان بکەنەوە. بە تایبەتیش لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش. نمونەکانی ئەم توندوتیژی و پێشێلکاریانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە هێماین وە پێناسەیەکی تەواو پێشکەش ناکەن بۆ هەموو توندوتیژی و پێشێلکاریەکانی کە بە یونامی و کۆمیسیۆن دراوە و تاکیدی لێوە کراوەتەوە.

## ٣- باگگراوند

بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٣ داعش جموجۆڵەکانی لەزیادبوون بووە لە سەرتاسەری عیراقدا. لە نێوان کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بۆ نیسانی ٢٠١٤ داعش ناوچەیەکی فراوانی کۆنترۆلکرد لە پاریزگای ئەنباردا، وە لە سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١٤ شدا داعش دەستی بە هێرشەکانی کرد لە پارێزگاکانی نینەوا و سەلاحەدین و دیالەدا[٩].

لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا داعش بەتەواوی کۆنترۆلی شاری موسڵی کرد کە بووە هۆی کۆچی بەکۆمەڵی نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ کەس[١٠], لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٤ شدا داعش شاری تلعفری کۆنترۆڵ کرد، بەدرێژایی مانگی تەموزی ٢٠١٤ شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی داعش لەگەڵ هێزە ئەمنیە عیراقیەکان و هێزە کوردیەکان لە نینەوا بەردەوام بوو, لە نێویشیدا ناوچەکانی شنگال و تلعفرو دەشتی نینەوا.

لەنێوان ٢ و ٣ی ئابی ٢١٠٤ دا داعش زۆر بەخێرا پێشکەوتنی بەدەست هێنا لە ناوچەکانی تلعفر و شنگال وە هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە بۆ هێلی بەرگری لە سنوری پارێزگای دهۆکدا کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك شەڕ بەردەوام بوو بۆ کۆنترۆلکردنی بەنداوی موسل.

---

[٩] بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم کێشە چەکدارییەی کە لەئێستادا لە عیراق لەئارادایە، تکایە سەیری ڕاپۆرتەکانی پێشوتری یونامی و کۆمیسیۆنی بالاْ بکە: ڕاپۆرت دەربارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کێشەی چەکداری نێوخۆی عیراق لە ٥ی حوزەیران تا ٥ ی تەموزی ٢٠١٤ ، هەروەها ڕاپۆرت دەربارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کێشەی چەکداری نێوخۆی عیراق لە ٦ی تەموز تا ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٤ ، ڕاپۆرت دەربارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کێشەی چەکداری نێوخۆی عیراق لە ١١ ی ئەیلول تا ١٠ کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، وە ڕاپۆرت دەربارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کێشەی چەکداری نێوخۆی عیراق لە ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ تا ٣٠ نیسانس ٢٠١٥ ، هەروەها ڕاپۆرت دەربارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کێشەی چەکداری نێوخۆی عیراق لە ١ ی ئایار تا ٣١ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ . هەموو ئەم ڕاپۆرتانە لەم لینکەی خوارەوە دەدۆزرێنەوە.
http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k٢&view=itemlist&layout=category&task=category&id=١٦٤&Itemid=٦٥٠&lang=en.

[١٠] .OCHA, Iraq: Humanitarian Dashboard (as of ٢٩ June ٢٠١٤).

کەوتنی شنگال و بەئامانجکردنی ڕاستەوخۆی خەڵکی سڤیل لەلایەن داعشەوە بووە هۆی کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکەکە. ژمارەی دانیشتوانی شنگال لە ساڵی ٢٠١٤ دا بە ٣٠٨٣١٥ کەس دەخەمڵێنرا کە زۆربەیان سەر بە پێکهاتەی ئێزیدین[١١]. لە ٤ تا ٨ی ئابی ٢٠١٤ دا نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کەسیان ڕایانکرد بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق و ناوچە کێشە لەسەرەکانی سنوور کە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوون[١٢]. بە دەیان هەزاری دیکەشیان ئاوارەی سەر چیای شنگال بوون کە لەلایەن داعشەوە گەمارۆ درابوون وە ئەوانەی کە دەیانویست چیاکە جێبهێڵن لەلایەن داعشەوە هێرشیان کرایە سەر کە پلەی گەرمای سەرووی ٤٠ دوە بوو بارودۆخی مرۆیی زۆر ئاڵۆز بوو لەبەر کەمی ئاوو خۆراك و شوێنی حەوانەوەو خزمەتگوزاری تەندروستی[١٣] ئەمەو بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان زیاتر لە ٤٠ منداڵ لەسەر چیاکەدا مردن بەهۆی کۆڕەوەکەو و نەبوونی چارەسەری پزیشکی[١٤].

لە ٨ی ئابی ٢٠١٤ دا هێزە ئاسمانیەکانی عیراقی و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆراك و هاوکاری مرۆییان لە ئاسمانەوە گەیاندە ئەو خەڵکانەی کە لەسەر چیای شنگال گیریان خواردبوو. لە ١٤ ئابی ٢٠١٤ شدا بە هاوکاری هێرشە ئاسمانیەکان لەلایەن هێزەکانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، هەریەك لە یەکینەکانی پاراستنی گەل و پارتی کرێکارانی کوردستان توانیان ڕێگایەکی ئامن بۆ خەڵکەکە بکەنەوە لەسەر چیای شنگال، ئەوە بوو نزیکە ٥٥٠٠٠ هەزار کەس توانیان بە سەلامەتی بپەڕنەوە بۆناو خاکی سوریا کە دوواتر توانیان لە دەروازەی خابووری ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەوە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستانی عیراق[١٥].

سەرچاوەکان وای دەخەمڵێنن کە لەنێوان ٢٠٠٠ تا ٥٥٠٠ هاوڵاتی ئێزیدی لە ٣ ی ئابی ٢٠١٤ دوە بەدەستی داعش کوژراون هەروەها بەگوێرەی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان ٦٣٨٦ هاوڵاتی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون لە دووای ٣ی ئابی ٢٠١٤ دوە ( ٣٥٣٧ ئافرەت و ٢٨٥٩ پیاو ) . تاکو ناوەڕاستی ئایاری ٢٠١٦ نزیکە ٢٥٨٧ هاوڵاتی ئێزیدی توانیویانە لەژێر دەستی داعش ڕابکەن ( ٩٣٤ ئافرەت و ٣٢٥ پیاو و ٦٥٨ کچ و ٦٧٠ کوڕی گەنج ) ، تاکو نوسینی ئەم ڕاپۆرتەش ٣٧٩٩ هاوڵاتی ئێزیدی لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا ماونەتەوە ( ١٩٣٥ ئافرەت و ١٨٦٤ پیاو). یونامی و کۆمیسیۆنیش تا ئێستا نەیانتوانیوە بە تەواوی ئەم ژمارانە پشتڕاست بکەنەوە

## ٤- چوارچێوەی یاسایی

[١١] OCHA Flash Update: Iraq Crisis - Significant Displacement from Sinjar, No. ١ | ٣ August ٢٠١٤, available at http://reliefweb.int/report/iraq/ocha-flash-update-iraq-crisis-significant-displacement-sinjar-no-١-٣-august-٢٠١٤.

[١٢] OHCA, Iraq IDP Crisis, Situation Report No. ٦ (٢-٨ August ٢٠١٤).

[١٣] OCHA Flash Update: Iraq Crisis - Significant Displacement from Sinjar, No. ٢ | ٤ August ٢٠١٤, available at http://reliefweb.int/report/iraq/ocha-flash-update-iraq-crisis-significant-displacement-sinjar-no-٢-٤-august-٢٠١٤.

[١٤] سەیری بەیاننامەی یونسیف بکە دەربارەی مردنی منداڵ لە عیراقدان لەلایەن مارزیۆ بابیل نوێنەری یونسیف لە ٥ی ئابی ٢٠١٤ بەم لینکەی خوارەوە http://www.unicef.org/media/media_٧٤٦٧٦.htm.

[١٥] OHCA, Iraq IDP Crisis, Situation Report No. ٧ (٩ August – ١٥ August ٢٠١٤).

**چوارچێوەی یاسایی کارپێکراو لەم کێشە چەکدارییە ناوخۆییەی عیراقدا بریتییە لە یاسای نێودەوڵی مرۆیی و یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی[١٦].**

**یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ IHRL، یان یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی عورفی و ئەوانەی کە پەیوەسن بە ڕێکەوتننامەکانەوە، پێویستە بەردەوام پەیڕەو بکرێن لەکاتی کێشە چەکدارییە ناوخۆییەکاندا. یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیش IHRL بە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی دەزانێت کە پەیڕەوی بکات کاتێك لەهەر ناوچەیەك لە ناوچەکانیدا کێشەیەکی چەکداری ناوخۆیی و پێشێلکاری هەبێت. عیراقیش پابەندە بەوەی کە کار بکات بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکاریەکان و دووبارە نەبوونەوەیان و لێپرسینەوەش لە ئەنجامدەرانی ئەم پێشێلکاریانە و زامنکردنی چارەسەری گونجاو بۆ قوربانیەکان بکات. لە پاڵ ئەمەشدا لایەنەکانی تری کێشە چەکدارییەکە کە دەوڵەت نین، وەکو گروپە چەکداریەکان کە ناتوانن بە شێوەیەکی فەرمی بین بە بەشێك لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، وکو داعش و گروپە چەکدارەکانی سەر بەم ڕێکخراوە کە بە فیعلی کۆنترۆلی ناوچەکان دەکەن زۆر پێویستە کە پابەند بن بە یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بۆ هەموو ئەو هاولاتیانەی کە لەم ناوچانەدا دەژین.**

**پێویستە هەموو لایەنەکانی هاوبەش لە کێشە چەکداریەکە پابەند بن بە یاساکانی مرۆیی نێودەوڵەتی IHRL. لە نێویشیدا یاسا عورفیەکان ،لە هەموشی گرنگتر پرینسیپەکانی (التمییز والتناسب)ن بەمەرجێك کە هەموو ڕێگەیەك بگیرێتە بەر بۆ دوورکەوتنەوە لە کاریگەری بەسەر خەڵکی سڤیلەوە. پێشێلکارییە گەورەکان لە ڕێکەوتننامەکان و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی عورفی لەوانەیە بگاتە ئاستی تاوانی جەنگ[١٧].**

**ئەنجامدانی کارە ڤێزەوەنەکانی وەکو، کوشتن و ئەشکەنجەدان و لاقەکردن و بەکۆیلەکردن بۆ مەبەستی سێکسی و وونکردنی بەزۆرەملی، وەك بەشێك لە هێرشی بەرفراوان و نەخشە بۆ داڕێژراو بۆ سەر هەر گروپێکی مەدەنی دیاریکراو بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت[١٨]. چەندین کاری دیکە هەن وەکو کوشتن و زەرەر پێگەیاندنی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گروپێکی ئیتنی یان ڕەگەزی یان ئاینی دیاریکراو بە مەبەستنی تێکدان و لەناوبردنی ئەم گروپە بەشێوەیەکی تەواو یان بەش بەش بێت لەوانەیە بە جینۆساید هەژمار بکرێت .[١٩]**

---

**[١٦] عیراق بەشێکە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەلایەتی و کەلتوریەکان و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵ و هەردوو پرۆتۆکۆلی ئیختیاری دەربارەی بەشدارییپێکردنی منداڵ لە کێشە چەکداریەکان و بازرگانی کردن و لەشفرۆشی منداڵ و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی کەسانی پێداویستی تایبەت و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دژی وونکردنی بەزۆرەملێ لەگەڵ هەر چوار ڕێکەوتننامەکەی جنێڤ و پرۆتۆکۆلی یەك بۆ ڕێکەوتننامەی جنێڤ.**

**[١٧] پێشێلکاری زەق لە ڕێکەوتننامەی جنێڤ و یاسای ١٥٦ و ١٥٨ لە یاسای مرۆیی عورفی ( لێکۆڵینەوەیەك لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی عورفی )**

**[١٨] سەیری مادەی ٥ بکە لە یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و مادەی ٧ (١) لە ڕێکەوتننامەی ڕۆما بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.**

**[١٩] ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٩ی دیسێمبەری ١٩٤٨ دا لەخۆ گیراوە، وە ٢١ ی جانوەری ١٩٥١ خراوەتە بواری جێبەجێکردن بە بڕیاری ژ. ٢٦٠ (٣) . مادەی ٢: هەریەك لەم کارانەی کە ببێتە تێکدانی تەواو یان بەشی لەدژی هەر گروپێکی قەومی، ئیتنی، ڕەگەزی یان ئاینی بێت، وەکو: کوشتنی ئەندامانی ئەم گروپە، زیان گەیاندنی جەستەیی و دەرونی بۆ ئەندامانی گروپەکە، بە ئانقەسد بەئامانجکردنی بارودۆخی ژیانی گروپەکە بە مەبەستی تێکدانی مادی و فیزیکی، گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ ڕێگەگرتن لە زیادبوون و منداڵ بوون لە گروپێکی دیاریکراودا، وە گواستنەوەی بەزۆرەملێی مندالانی گروپێك بۆ گروپێکی تر. لە مادەی ٦ لە سیستمی ڕۆمای بنچینەیی بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هاتووە کە ' جینۆساید ' بریتییە لە هەریەك لەم کارانەی کە ببێتە تێکدانی تەواو یان بەشی لەدژی هەر گروپێکی قەومی، ئیتنی، ڕەگەزی یان ئاینی وەکو: (ا) کوشتنی ئەندامانی (ب) زیان گەیاندنی جەستەیی و**

## ٥. پێشێلکاری و توندوتیژیەکانی کە لە لایەن داعشەوە لەدژی ئێزیدیەکان ئەنجامدراون لە نێوان مانگی ئابی ٢٠١٤ تا حوزەیرانی ٢٠١٦.

### ١- دەرکردنی بەزۆرەملێ.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣ ی ئابی ٢٠١٤ دا داعش پێشکەوتنێکی بەرچاوی ئەنجامدا لە قەزای شنگال, ئەوەبوو هەڵسا بە گەمارۆدان و داگیرکردنی گوندەکانی وەك، کۆمەڵگای خانەسۆر، تل عزیر ، تل بنات، کۆمەڵگەی تل قصب، سۆلاغ و وردیە. لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکاندا خەڵکەکە باسیان لەوە دەکرد کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی داعش بڕیاریان دا کە ماڵوحاڵی خۆیان جێبهێڵن. ئەوەبوو بە هەزاران کەس ڕێگەی چیای شنگالیان گرتەبەر لەنێوان ٣٥,٠٠٠ تا ٥٠,٠٠٠ کەسیان لە چیای شنگالدا گەمارۆ درابوون لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە ٤ ی ئابی ٢٠١٤ دا[٢٠]. زیاتر لە ٦,٣٠٠ هاوڵاتی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە کوژران و ڕفێنران بەر لەوەی بتوانن دەرباز بن.

یەکێك لە شایەتحالەکان کە خەڵکی تل قصب بوو لە باشوری شنگال, باسی لەوە کرد کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣ی ئابدا تەلەفۆنی بۆکراوە لەلایەن خزم و کەسانەوە لە زۆربەی ناوچەکانی قەزای شنگال پێیان ڕاگەیاندووە کە داعش چەندین ناوچەی داگیر کردووە. تا کاتژمێر ٦ ی بەیانیش چەکدارەکانی داعشیان بینی لە ناو ئۆتۆمبێلەکانیانەوە کە دوو تا سێ کیلۆمەترێك لە گوندەکەیانەوە دوور بوون. دوواتر چەکدارانی داعش دەستیان بە تەقەکردن کرد لە گوندەکە، ئەوە بوو ئەم شایەتحالەو خانەوادەکەی و ٣٥ خێزانی تری گوندەکە بڕیاریان دا کە ڕابکەن. کە دوواتر گەیشتن بە سەدان ئۆتۆمبێلی تر کە بەرەو چیاکە ڕایان دەکرد. قەرەباڵغیەکە ئەوەندە زۆر بوو کە وای کرد خەڵکەکە ئۆتۆمبێلەکانیان جێبهێڵن و بە پێ ڕێبکەن.

ئۆتۆمبێلەکانی داعش ئەم شایەتحالەیان لەڕێگا ڕاگرتبوو، کە بەزاراوەی عەرەبی عیراقی قسەیان دەکردو بەرگی ئەفغانیان پۆشیبوو[٢١] کە کراسێکی درێژ و شەرواڵێکی بەرینە هەردووکیان یەك ڕەنگن. وە ئەم چەکدارانە داوایان لێکردبوون کە ڕانەکەن چونکە ئەوان ئازاری کەس نادەن بەمەرجێ مۆبایل و چەکەکانیان ڕادەستی ئەوان بکەن. ئەوەبوو شایەتحاڵەکەو خانەوادەکەی بڕیاریاندا کە بگەڕێنەوە بۆ ناو شاری شنگال، لەڕێگادا لە بازگەیەکی چەکدارەکان تەرمی هاوڵاتیەکی ئێزیدیان بینیبوو کە خەڵکی گوندی کۆچۆ بوو وە پێیان ووترابوو کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژراوە بەهۆکاری ئەوەی چەکی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا شاردبۆوە. هەر لەم شوێنەدا ژن و پیاویان لەیەکتر جودا کردنەوە. نزیکەی ٣٥٠ پیاوی ئێزیدیان لە باڵەخانەی شارەوانی لە نهۆمی سەرەوەدا زیندانی کردو وە نزیکەی ( ٢٠٠٠ ) ژن و منداڵیشیان لە باخی پشتەوەی باڵەخانەکەدا دانابوون.

بە بەردەوامی ئەم ڕۆژە خێزانەکان دەگەیشتنە ئەم شوێنە. کاتژمێر ٩ ی شەو شایەتحاڵەکە گوێی لە هاتوو هاوارو قیژەی ئافرەتان دەبێت لە دەرەوە، دوواتر پێی ووتراوە کە داعش ٥٠٠ کچی گەنجی بردووە, کە لە نێویشیاندا کچە ١٣ ساڵەکەی ئەوی

---

دەرونی بۆ ئەندامانی هەر گروپێك، (ج) بە ئانقەسد بەئاما نجکردنی بارودۆخی ژیانی گروپەکە بە مەبەستی تێکدانی مادی و فیزیکی، (د) گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ ڕێگەگرتن لە زیادبوون و منداڵ بوون لە گروپێکی دیاریکراودان (ه) گواستنەوەی بەزۆرەملێی منداڵانی گروپێك بۆ گروپێکی تر.

[٢٠] OCHA Flash Update: Iraq Crisis - Significant Displacement from Sinjar, No. ٢ | ٤ August ٢٠١٤, available at http://reliefweb.int/report/iraq/ocha-flash-update-iraq-crisis-significant-displacement-sinjar-no-٢-٤-august-٢٠١٤
سەرچاوەکان وایان خەملاند کە زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ کەس بەرەو چیای شنگال رایان کردبوو لەم ڕۆژەدا

[٢١] هەروەك شایە تحاڵەکە پێناسەی کردن.

تێدابوو، داعش ئەم کچانەی هەموو کردۆتە ناو پاسێکەوەو بردوونی. دووای چەند مانگێك یەکێك لە ئەندامانی داعش کە بەزەیی پێیدا هاتۆتەوە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بۆ وەرگرتووە لەگەڵ پیاوێك لە موسل کە ئەم کچەی بە ٦٠٠ دۆلاری ئەمەریکی کڕیبوو. دوواتر کچەکە گەڕێنرایەوە بۆلای خێزانەکەی کە لە گوندێکی قەزای تلعفر لەلایەن داعشەوە دەستبەسەر بوون کە پێشتر تورکمانی شیعەی لێدەژیاو پێش هێرشەکان ئەم گوندەیان چۆڵ کردبوو.

شایە تحاڵێکی تر لە تل قصب، باسی لەوە کرد کە لە بەرەبەیانی ٣ ی ئابی ٢٠١٤ دا چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر کۆمەڵگاکە بە هاوەن و چەکی قورس. شایە تحاڵێکی تر هەر لە تل قصب لە باشوری شنگال باسی لەوە کرد کە لە کۆمەڵگاکەدا لەنێوان ٢٥٠٠ تا ٣٠٠٠ خێزان دەژیان وە خەڵکەکە ئاگاداری ئەم هێرشانە نەبوون تا ئەو کاتەی داعش گەیشتە نزیکیان. پێشمەرگەو چەندین پیاوی تری موسوڵمان لە گوندەکەدا هەبوون وە بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر توانیان بەرگری بکەن بەڵام چەکەکانیان تەنها بریتی بوو لە کلاشینکۆف وە نەیانتوانی زیاتر خۆڕاگر بن. لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانیش هاولاتیانی کۆمەڵگاکە ڕایانکرد.

لە کاتی ڕاکردنیدا ئەم ئافرەتە شایە تحالە، ئەو پیاوانەی بینیووە کە هێرشیان کردە سەر گوندەکەیان کە خەڵکی گوندێکی دراوسێ بوون و بەرگی ئەفغانیان پۆشیبوو. لەو کاتەی کە شایە تحالەکە لەگەڵ خانەوادەکەیدا هەوڵیان دەدا بۆ سەر چیای شنگال ڕابکەن لەلایەن سێ چەکداری داعشەوە کە دوو ئۆتۆمبێلی سپیان پێبوو ڕاگیراون و داوایان لێکردوون کە ڕانەکەن وە ئەگەر بێت و ببن بە موسوڵمان ئەوا ژیانیان پارێزراو دەبێت. لە هەمان ئێوارەدا کچە ١٣ ساڵیەکەی ئەم شایە تحاڵە دەبردرێت و دوواتر دەفرۆشێت, خۆیشی بە دەستبەسەری ماوەتەوە تاکو نزیکەی ٩ مانگ بەر لە ئێستا توانیویەتی ڕابکات.

شایە تحاڵێکی تری ئافرەت باسی لەوە کرد کە لە دەوروبەری کاتژمێر ٧ ی بەیانی ڕۆژی ٣ ی ئابی ٢٠١٤دا باوکی پەیوەندی پێوە کردووەو پێی ڕاگەیاندووەکە داعش نزیك بۆتەوە لە گوندەکەیان گوندی تل عوزیر، ئەو ووتی کە گوێی لەدەنگی هیچ تەقەیەك نەبوو هەروەها هێزەکانی پێشمەرگەش لە گوندەکەدا کشابوونەوە. دوواتر بڕیاریان داوە لەگەڵ خانەوادەکەیدا بە پێ بەرەو چیای شنگال ڕابکەن کە نزیکەی ٤٠٠ هاولاتی ئێزیدی دەبوون، لەڕێگادا لەلایەن چەکدارانی داعش لە گوندی وردیە ڕادەگیرێن. هەموویان ڕیز دەکەن و ڕووی چەکانیشیان تێدەکەن. هەرچی پارەوپول و زێڕ و ناسنامەکانیان هەیە لێیان دەسەنن، یەکێك لە ئافرەتەکان کە دووگیانیش بوو هەوڵی ئەوەی دا کە زێڕەکانی بشارێتەوە بەڵام تەقەیان لێکرد و فیشەگ بە سکی کەوت لەوێدا گیانی لەدەست دا. ئەم شایە تحالە باسیشی لەوە کرد کە تەرمی چەندین کەسی بینیوە لە زۆر شوێنی گوندی وردیەدا. وەئەم شایە تحالە لە حالەتێکی شۆك دابوو باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە ڕووی داوە، وە باسیشی لەوە کرد کە پیاوە بەتەمەنەکانیش وەکو ژن ومنداڵەکان دەگریان.

شایە تحاڵیکی تری ئافرەت باسی لەوە کرد کە لەکاتێکدا لە گوندەکەی خۆیان گوندی تل عوزێر ڕایان کرد لەگەڵ هاوسەرەکەی و شەش منداڵیان گەیشتن بە ڕیزێکی دوورو درێژ لە ئۆتۆمبێلی پڕ لە هاولاتی ئێزیدی کە خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی شنگال بوون. کاتێك کە لە چیای شنگال نزیك بوونەوە چەند چەکدارێك ڕایان گرتن کە بەرگی پێشمەرگەیان لەبەردابوو وە بەزاراوەی کرمانجی قسەیان دەکرد وە داوایان لەم شایە تحاڵەو خانەوادەکەی کرد کە سواری ئۆتۆمۆبیلەکانیان بن کە لە هی پێشمەرگە دەچوون. دووای ئەوەی سوار بوون چەند پیاوێکی دیکەی بینی کە سەر بە داعش بوون ئینجا بۆیان دەرکەوت کە ئەوان داعش بوون

خۆیان لە بەرگی پێشمەرگەدا شاردبۆوە. دوواتر ئەم شایە تحالە براوە بۆ بالەخانەیەك لە شنگال کە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ماونەتەوە، هەروەها ووتیشی کە لەڕێگای بردنیان بۆ ئەوێ تەرمی حەوت پیاویان بینیوە کە لەسەر ڕێگادا کەوتبوون.

شایە تحالێکی تری ئافرەت باسی لەوە کرد کەوا لە گوندەکەی خۆیان گوندی وردیەدا ماوەتەوە لەبەر ئەوەی باوەڕی کردبوو کە داعش ووتبویان خەڵکی سڤیل ناکوژن، موختاری گوندەکەش ئاگاداری کردبوونەوە کەوا داعش دەیەوێت پیاوەکانیان بکوژێت و ژن و منداڵەکانیش بڕفێنێت. بۆیە خێزانەکەی کە پێکهاتبوون لە ٢١ کەس بڕیاریان دا کە بەرەو چیای شنگال ڕابکەن لەڕۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٤ دا. لەکاتێکدا کە لە نیوەی شەودا بە پێ ڕێگایان دەبڕی گوێیان لە چەند پیاوێکی ئێزیدی بوو کە لە دوورەوە بانگیان دەکردن. شایە تحاڵەکە ووتی کە بە کەسوکارەکەی خۆمم ووت با چاوەڕێیان بکەین نەوەك یەکێك بێت پێویستی بە یارمەتی بێت, دووای چاوەڕوانی سێ ئۆتۆمبێلی داعش کە دە چەکداری تێدابوو لێیان نزیك بوونەوە دەستیان بە تەقەکردن کرد بۆ ئاسمان، ئینجا بۆیان دەرکەوت کە فێڵیان لێکراوە، دوواتر پیاوە ئێزیدیەکەی کە بانگی دەکردن داوای لێبوردنی لێکردن وە گوتی بە زەبری چەك و هەڕەشەی کوشتن وایان لێکردم کە بانگتان بکەم و گروپەکە ڕابگرم.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی هاولاَتیانی ئێزیدی توانیان بگەنە سەر چیای شنگال بەلاَم بارودۆخیان لەوێ زۆر نالەبار بوو. بەهەزاران هاولاَتی ئێزیدی لەوێ گیریان خواردبوو وە هیچ هاوکارییەکی مرۆییش نەبوو. یەکێك لەو شایە تحالاَنەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەی و چوار منداڵی لەکاتی ڕاکردنەکەدا لەیەك جوداببونەوە. بە یونامی و کۆمیسیۆنی بالاَی ڕاگەیاند کە لەگەڵ کورێکیدا لەسەر چیای شنگال گیریان خواردبوو لەگەڵ هەزاران هاولاَتی تری ئێزیدیدا. ئەو ووتی کە بەچاوی خۆی مردنی سێ ئافرەت و دە منداڵی بینیوە بەهۆی برسێتی و تینوەتی. دوواتر زانیویەتی کە خێزانەکەی و منداڵەکانی لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون. ئەمەو تاکو مانگی ئابی ٢٠١٥ پەیوەنی لەگەڵ ژنەکەیدا هەبووە وە زانیویەتی کە یەکێك لە کچەکانی براوە بۆ ڕەقە لە سوریا بەلاَم لەو کاتەوە هیچ زانیاریەکی تازەی نیە دەربارەی شوێنی خێزانەکەی.

شایە تحالێکی تر باسی لەوە کرد کە کاتێك خۆی و خیانەوادەکەی لە کۆمەڵگای خانە سووری سەر بە قەزای شنگال لە کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ٣ی ئاب دەرکەوتن، خواردن و خواردنەوی ئەوتۆیان لەگەڵ خۆیاندا نەبرد چونکە باوەڕیان وابوو کە زوو دەگەڕێنەوە ماڵەکەی خۆیان، هەروەها باسیشی لەوە کرد کە لەسەر چیای شنگال خەڵکێکی زۆر هەبوون بەبێ ئاوو خۆراك مابوونەوە، وە تەنها یەك بیری ئاوی لێبوو کە هەزاران کەس لە دەوری کۆببۆوە. ئەم شایە تحاڵە هەروەها ووتی کە لەڕێگادا کەسێکی بینیووە کە دوو کیس ئاردی پێبووە وە ئەو ١٠٠ دۆلاری داوەتی بۆ یەك کیس ئارد بەلاَم پیاوەکە ڕەتی کردۆتەوە.

شایە تحالێکی تر باسی لەوە کرد کە چۆن فرۆکەکان باکیجی خواردنیان بۆ هەڵدەدانە خوارەوە، بەلاَم لە شوێنێکی دوور دەکەوتنە خوارەوە. ئەوانەی کە لەوێ گیریان خواردبوو ترسی ئەوەیان هەبوو کە بچنە خوارەوە بۆ هێنانەوەی ئەم باکیجە خواردنانە لەترسی ئەوەی نەوەك داعش دەستگیریان بکەن. ئەمەو ئەم خەڵکەی کە لەسەر چیاکە گیریان خورادبوو زۆر بێ هیوا ببوون. گوێشیان لەوە ببوو کە هەندێك کەس هەوڵیان داوە سنوور ببڕن بەرەو سوریا بەلاَم لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گیراون و کوژراون. لە ١١ی ئابی ٢٠١٤ دا گوێیان لە چەند هەواڵێك بوو کەوا یەکینەکانی پاراستنی گەل ("YPG") لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێگایەکی ئامینیان کردۆتەوە بۆ سوریا بۆیە بڕیاریان دا کە بڕۆن بەرەو ئەوێ. بەدرێژایی ڕێگاکەش سەربازەکان ئاوو خۆراکیان بۆ دەهێنان دوواتر لە یەکێك لە کێڵگەکاندا خیار و شووتیان دۆزیەوە کە خەڵکەکە بوو بە شەڕیان

لەسەر ئەم خواردنانە. لەسەر سنووریش لۆریەك ڕاوەستابوو کە ئاوی دابەش دەکرد کە خەڵکێکی زۆری لێکۆبۆوە بەلاّم خێزانی ئەم شایە تحالە توانیان دوو بتڵ ئاو وەرگرن. دوواتر ئەم خێزانە سنووریان بڕی بەرەو سوریا کە دووایی توانیان بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستانی عیراق.

## ٢ – ئاین پێگۆڕینی بە زۆرەملێ

زۆربەی ئەو هاولاّتییە ئێزیدیانەی کە ڕزگاریان بووە باسیان لەوە دەکرد کە لە سەرەتای دەستگیرکردنیانەوە داوایان لێکراوە کە یان موسوڵمان بن یانیش دەکوژرێن. ئەوانەی کە ڕەتیشیانکردۆتەوە دەستبەجێ کوژراون کە زۆربەی کاتیش بەبەر چاوی هاولاّتیەکانی ترەوە بووە، وە ئەوانەشی کە لەژێر ئەم فشارەدا ئاینیان گۆڕیوە ئەوا دووچاری چەندین پێشێلکاری و مامەڵەی نەشیاوو توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە.

بۆ نمونەش یەکێك لە شایە تحالەکان کە ئافرەت بوو، خەڵکی ناو شاری شنگال بوو باسی لەوە کرد کە داعش بە چەندین ئۆتۆمۆبیلی جۆراو جۆرەوە لە کاتژمێر ٨،٣٠ بەیانی ڕۆژی ٣ ی ئابی ٢٠١٤ دا گەیشتنە ناو شارەکەیان دووای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە بەبێ ئەوەی هاولاّتیان ئاگادار بکەنەوە. چەکدارەکانی داعش جلی شێوازی ئەفغانیان لەبەر دابوو، بەلاّم ناوی براکەیی و ئامۆزاکەی ئەویان دەزانی، داوایان لێکرد کە موسوڵمان بێت یان دەکوژرێت ئەویش هیچ بژاردەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو تەنها گۆرینی ئاینەکەی نەبێت.

شایە تحالێکی تر کە خەڵکی گوندی تا قصب بوو ووتی کە لە سەر چیای شنگال لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕاوەتە بۆ ناو شاری شنگال دووای ئەوەی داعش قەناعەتی پێهێنابوون کەوا ئازاریان نادەن. ئەو ووتی هەر کە لە یاریگاکە نزیك بووینەوە تەرمی دوو کەسی گەنجمان بینی لەسەر زەوی کە خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت. هەر لە نزیك یاریگاکەشدا لە بازگەیەك پیاوو ئافرەتیان لێك جودا دەکردەوەو دەیانبردن بۆ ناو باڵەخانەیەکی حکومی. دوو لە پیاوەکان کە تەمەنیان لە نێوان ٤٠ بۆ ٤٥ ساڵ دەبوو هەوڵیان دا ڕابکەن بەلاّم تەقەیان لێکردن و دەستبەجێ کوشتیانن. دووای سێ ڕۆژ لەنێوان ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ پیاو بە چاو بەستراوی و قۆڵبەستراویەوە لە ناو ئەم بینایەدا بوون کە بۆ ماوی ٢٤ کاتژمێر لەسەر چۆك دایاننابوون. داعشەکانیش بە ڤیدیۆ وێنەیان دەگرتن و پێیان دەوتن کە هەموویان دەکوژن بەلاّم دوواتر پێیان ووتن کە لە ابوبکر بەغدادیەوە فەرمانیان بۆ هاتووە کە ئەگەر ببن بە موسوڵمان ئەوا لێیان دەبورن، ئەوەبوو پیاوەکان هەموویان ڕازی بوون کە ببن بە موسوڵمان.

ئافرەتێکی تر باسی لەوە کرد کە دووای چەندین ڕۆژ لە دەستبەسەر کردنیان، مێردە ٨٥ ساڵەکەی ڕەتی کردەوە کە ببێت بە موسوڵمان، دوواتر چەکدارەکانی داعش بردوویانەو تاکو ئێستا زانیاری نییە بۆ کوێ براوە.

ئەمەو شایە تحالێکی تریش کە ئافرەت بوو باسی لەوە کرد کە خۆیی و خێزانەکەیان گوازرانەوە بۆ سوریا دووای ئەوەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکران. لە حەفتەی یەکەمی ڕفاندنیاندا یەك لەدووای یەك بردویانن بۆ بەردەمی مەلایەك کە داوای لێکردوون ببن بە موسوڵمان، دوواتر دابەشیان کردن بۆ سەر سێ گروپ کچەکان و کوڕە گەنجەکان و خێزانەکان ئینجا دووبارە گوازرانەوە بۆ عیراق.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠١٤ دا داعش گوندی سۆلاغی نزیك قەزای شنگالی داگیر کرد، بەگوێرەی شایە تحالەکان داعش ١١٠ کەسی لە هاولاتیانی شیعەو ئێزیدی دەستگیر کردو لە پێنج خانوودا بەندیان کردن. هەر لەهەمان ئێوارەدا داوایان لە ئێزیدیەکان کرد کە ببن بە موسوڵمان و شیعەکانیش تۆبە بکەن لە هەڵەکانیان، ئەوەبوو ٥٠ لە هاوولاتییە ئێزیدیەکان ڕەتیان کردەوە کە ٣٠ کەسیان لە بەتەمەنەکان بوون ، کە دوواتر هەر هەموویان بەبەر چاوی ئەوانی ترەوە گوللباران کرد. ئەمەو ١٥ هاولاتی تریش کە ڕەتیان کردەوە لە یەك ژووردا بەند کران، کە تەنها ئافرەتێکی بەتەمەنیان تێدا بوو وە ئەوانەی تر هەموویان پیاو بوون. ئەندامانی داعش تەنها ئاوی پیسیان پێدەدان بەبێ خۆراك ئەوەبوو دووای ١٦ ڕۆژ هەر هەموویان لەناو ئەم ژوورەدا مردن، وە شایە تحالەکەش گێرایەوە و ووتی کە بەچاوی خۆی بینی کە چەکدارەکانی داعش تەرمەکانیان لە ژوورەکەدا دەردەهێنا.

خێزانێکی خەڵکی گوندی وەردیە باسیان لەوە کرد کە دووای ئەوەی خۆی و ١٧ لە ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن داعشەوە دەستگیر کران، تووانی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکەوە بکات لە ناوچەی بعاج کە پێشتر هاوڕێی بووە وە داوای یارمەتی لێکرد، ئەوەبوو ئەم کەسە توانی یارمەتیان بدات و بیانگوازێتەوە بۆ شوێنێك لە دەرەوەی شاری بعاج کە بۆ ماوەی ٢ ساڵ و حەوت مانگ لەوێدا مانەوە. ئەمەو ئەم خێزانە هەر هەموویان بەزۆر کرابوون بە موسوڵمان و ڕۆژانە پێنج جار نوێژیان پێدەکردن وە هەموو جارێك چەکدارەکانی داعش دەهاتنە لایان بۆ ترساندن و هەڕەشە لێیان کە ئەوان موسوڵمانێکی باش نین.

## ٣- ڕفاندن، بێبەشکردن لە ئازادی، مامەڵەی توندوتیژ و نامرۆیی و سوکایەتی پێکردن

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان ئەو خەڵکانەی کە لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراون لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ و ڕۆژانی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گوازراونەتەوە وە دووچاری زۆر پێشێلکاری و مامەڵەی نەشیاو بونەتەوە لەگەڵ نەبوونی پێداوستییە سەرەکیەکانی وەکو ئاوو خۆراك. هیچ کەسێك لەم توندوتیژیانە بەدەر نەبووە تەنانەت کەسە شلۆقەکانیش وەکو منداڵ و بەتەمەنەکان و خاوەن پێداویستی تایبەت هەر هەموویان مامەڵەی نەشیاوو نامرۆییان بەرامبەر کراوە.

یەکێکی تر لە شایە تحالە ئافرەتەکان باسی لەوە کرد کە دووای ئەوەی دەستگیر کراوە یەکەم جار بردوویانە بۆ باڵەخانەیەك لە شنگال بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەگەڵ کۆمەڵە ژنێکی تر، دوواتر گوازراوەتەوە بۆ موسل بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ، ئینجا بۆ بەندینخانەیەك لە قەزای تلعفر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دوواتر بۆ بینای قوتابخانەیەك هەر لە تلعفر بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ, دووای ئەوە بۆ بەندینخانەی بادۆش لە نزیك موسل بۆ نزیکەی یەك مانگ، دووای ئەوە جارێکی تر بۆ بینای قوتابخانەیەك لە تلعفر. دەووتری کە داعش ناوی کەسە ڕفێنراوەکانی هەموو تۆمار دەکرد کاتێك کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەیگواستنەوە. لە بینای قوتابخانەکەدا لە تلعفر هەندێك لە خێزانەکان دووبارە بەیەك شاد بوونەوە- بەڵام کچە گە نجەکانیان بۆ شوێنێکی تر برد. دوواتر خێزانەکان گوازرانەوە بۆ گوندێکی چۆڵکراو لە تلعفر کە پێشتر هاولاتی تورکمانی شیعەی لێ نیشتەجێ بوو. دووای ئەوەی لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ دا ئەم ئافرەتە ئازاد دەکرێت لەگەڵ چەندین کەسی تری بەتەمەن و نەخۆش کچە چوار ساڵیەکەی لێ دەستێنن و هەڕەشەی ئەوەشی لێدەکەن کە ئەگەر بێت ڕەتی بکاتەوە بەبێ کچەکەی بڕوات ئەوا کچەکەو چەند منداڵێکی تر دەکوژن. ئەمەو تائیستاش کچەکەی دیار نییە.

ئەوانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجامداون باسایان لەوە دەکرد کە هەندێ جار بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خۆراك و ئاویان پێنەدەدرا. ئافرەتێك کە منداڵێکی ساوای سێ مانگی لەباوەشدا بوو باسی لەوە کرد کە داعش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خواردن و ئاوی پێنەدان کە وایان لێهات لە تەواڵێتی بیناکەی کە تێدا دەژیان ئاو بخۆنەوە. ئافرەتێکی تریش باسی لەوە کرد کە داعش نانە ڕەقەی کۆنی بۆ هێنابوون کە لەناو سندوق دابوو کە ئافرەتەکان هەموو ڕایان دەکرد بۆ وەرگرتنی ئەم نانە. ئەندامانی داعش وێنەی ڤیدیۆیان دەگرتین وە پێیان دەوتین کە نیشانی خێزانەکانیان دەدەن کە ئەوان بوونەتە کۆیلە. چەندین ئافرەتی تر باسیان لەوە دەکرد کە چۆن و لە چەندەها شوێن گیراون لە عیراق و لە سوریا لە ژێرزەمین و ژووری بێ پەنجەرەو کە هەرگیز نەیان دەزانی کە ئایا شەوە یان ڕۆژ وە هەندێك کەس بۆ ماوەی چوار یان پێنج مانگیان لەم شوێنانەدا بەسەربردووە. چەندین ئافرەت لە ژێرزەمیندا لە رەقەی سوریا زیندانی کراون بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ڕۆژ کە لەناو ئاوی پیس و جڵکاو دابوونە کە تا سەر چۆکیان بووە.

زۆربەی ئێزیدیەکان باسیان لەوەدەکرد کە لەکاتی زیندانیکردنیاندا دووچاری لێدان بوونەتەوە. وە یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لە بەندینخانەیەك زیندانی بووە باسی لەوە دەکرد کە دوو لە ئەندامانی داعش کە بە زاراوەی عەرەبی تلعفەری قسەیان دەکرد بە داری درێژ لە ئافەتەکانیان داوەو پێشیان ووتون کە ئێزیدی هەموویان بێباوەڕ و بەرازن. پیاوێکی تری ئێزدیش کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوو باسی لەوە کرد کە دووای ئەوەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە گوندی گل زوهیر دەسگیر کراوە بردویانە بۆ بعاج کە لەگەڵ دە کەسی دیکە کە هەموویان عەرەب بوون بەندکراوە، وە ماوە بە ماوە چەکدارەکانی داعش دەهاتن و یەکێك لە پیاوەکانیان دەبردە دەرەوە و بە کێبڵ لێیاندەدان. ئەم شایە تحاڵە باسی لەوە کرد کە هۆکاری لێدانی ئەم پیاوانە ئەوەبوو کە پێشتر لەگەڵ حکومەتی عیراق کاریان دەکرد.

شایە تحاڵێکی تری ئافرەت باسی لەوە کرد کە دوو جار لەگەڵ چەند ئافرەتێکی دیکە بەزۆری سواری پاسێکی بچووك کراون و بردویانن بۆ موسل تا خوێنیان لێ بگرن بۆ بریندارەکانی داعش, وە هەر ئافرەتێك بتلێك خوێنی لێوەرگیرابوو.

ئەمەو زۆربەی ئەم هاوڵاتییە ئێزیدیانە باسیان لەوە دەکرد کە ڕێگەیان پێدراوە لەگەڵ خێزانەکانیاندا پێکەوە بژین لەم گوندەی کە پێشتر هی شیعە تورکمانەکان بوو لە شاری تلعفر. هەروەها زۆربەی ئەم هاوڵاتییە ئێزیدیانە بەزۆرەملێ کاریان پێکراوە. یەکێك لە شایە تحالەکان باسی لەوە کرد کە کوڕەکانی ئەو ڕۆژانە بەزۆر لە کاتژمێر ٤ی بەیانیەوە تا ٦ی ئێوارە کاریان پێکراوە. ئەم کارانەی کە پێشیان دەکرا بریتی بوو لە لێدانی تونێل بۆ چەکدارانی داعش، هەروەها دەیانکرنە شوانی مەڕەکانیان یان لە کێڵگەکاندا کاریان پێدەکردن. یەکێك لەم کەسانە باسی لەوە کرد کە حەوت لە کەسوکارەکەی وەك شوان کاریان دەکرد و پارەشیان پێنەدەدرا بگرە هەر نەشدەوێران داوای پارە بکەن .

زۆر جار بەدووای تەلەفۆندا دەگەڕان و دەهاتن ماڵەکانیان دەپشکنی، هەر کەسێك تەلەفۆنی پێبگیرابا ئەوا لەناوەندی گوندەکە جەلدە دەکرا بەبەردەم ئەوانی دیکەوە.

تایبەت بە منداڵانی سەروی پێنج ساڵی ئەوا بەزۆری ئاینیان پێدەگۆڕین و دەیانبردن بۆ ڤوتابخانەکان تا بەزۆری فێری قورئان خوێندنیان بکەن. گەنجێکی تەمەن ١٩ ساڵ باسی لەوە کرد کاتێك لەژێر دەستی داعش دابوون لە تلعفر خۆی و براکەیان بردووە بۆ فێربوونی بەکارهێنانی چەك لە ڤوتابخانەیەك لەم شارەدا. داعش هەموو ئەو گەنجانەی کە لەسەرووی ١٢ ساڵیەوە بوون

ڤێری چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکی دەکردن شان بەشانی هەندێك منداڵی تر کە بەباوەڕی شایە تحالەکە خەڵکی چیچان بوون. بەگوێرەی ووتەی شایە تحاڵەکان نزیکەی ٣٠٠ منداڵ لەم قوتابخانەیەدا مەشقیان پێدەکرا.

## ٤- کوشتن بەشێوەی بەرنامە بۆ دارێژراوو بەرفراوان

دووای داگیرکردنی شنگال و گوندەکانی دەوروبەری لەلایەن داعشەوە, زۆر لە شایە تحاڵەکان باسیان لەوە کرد کە چەکدارانی داعش بەدەیان کەسی سڤیلی ئێزیدیان کوشتووە. وە بەگوێرەی چیرۆکەکانی شایە تحاڵ و رزگاربووکان کوشتنی بەکۆمەڵی ئێزیدیەکان و کارە ڤێزەوەنەکانی داعش شێوازێکی سیستماتیکی هەبووە بەمەبەستی تێکدان و لەناوبردنی پێکهاتەی ئێزیدی[22].

یەکێك لە شایە تحالەکان کە ئافرەت بوو کە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە بەرەبەیانی رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ لە گوندی تل البنات رایکردبوو گێڕایەوەو ووتی, کاتێك لە بازگەیەکی داعش نزیك بووینەوە بینیم کەوا چەکدارەکان دەمامکیان دابوو وە جلی رەشی شێوازی ئەفغانیان لەبەردابوو تەقەیان لە ئۆتۆمبێلێك کرد کە سێ کەسی ئێزیدی تێدابوو لە شنگالەوە دەهات کە دەستبەجێ هەرسێکیان کوژران. هەروەها ئەم شایە تحاڵە ووتیشی کە دوواتر لە شایە تحاڵێکی تر زانیویانە کە داعش ٤٠ پیاوی ئێزیدی لە گوندەکەی ئەواندا بردووە بۆ ناوچەی زولایلا لە نزیك چیای شنگال و هەموویانی کوشتووە کە باوکی ئەویش لەگەڵیاندا بووە. شایە تحاڵێکی تر ووتی لە بەیانی هەمان رۆژدا چەکدارانی داعش ئامۆزایەکی ئەویان بە فیشەك بەبەر چاوی ئەوانەوە کوشت دووای ئەوەی هەوڵی راکردنی دا. دووای ئەوەی دایکی قوربانیەکەش هاواری کردو جوێنی بە داعش دا ئەویشیان گولەباران کرد.

ئافرەتێکی خەڵکی گوندی تل عوزێر باسی لەوە کرد کەوا ٧٤ کەس لە ئەندامانی خانەوادەکەی لە بەرەبەیانی رۆژی ٣ی ئابی ٢١٠٤ دا لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراون و بردویانن بۆ ناوچەی سیبا شێخ خدر دووای دوو رۆژ ئەو لە دایك و باوك هاوسەرەکەی و خانەوادەکەی جوداکراوەتەوە. هەروەها ئەم ئافرەتە بە کارمەندەکانی مافی مرۆڤی راگەیاند کەوا ئەو بەسەدان تەرمی بینیوە لە لای دیوارێك لە ناوچەی سیبا شێخ خدر، ئەو هەروەها ووتیشی کە هاوسەرەکەی و پیاوەکانی تر بەزۆرەملی ئەم تەرمانەیان پێ خستوونەتە ناو چاڵی گەورەوە, وە دووای ئەم رووداوەش ئەو هاوسەرەکەی و خزموکەسوکارەکەی خۆی نەبینیەوە.

شایە تحاڵێکی تر باسی لەوە کرد کە لە بەیانی رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا بڕیاریدا کەوا لە ماڵەکەی خۆیدا بمینێتەوە لە گوندی کۆچۆ دووای ئەوەی گوێی لێبوو کە ئەو ئێزیدیانەی کە بۆ سەر چیای شنگال رادەکەن لەلایەن داعشەوە دەگیرێن و دەکوژرێن. لە رۆژی ١٠ی ئابیشدا چەکدارانی داعش بە شەست ئوتۆمبێلەوە هاتن و چواردەوری گوندەکەیان گرت, وە دووای پێنج رۆژیش دوو شۆفەڵیان هێنا ناو گوندەکە، دوواتر ئەمیرێکی داعش[23] داوای لە موختاری گوندەکە کرد کە خەڵکەکە لە بینای قوتابخانە کۆبکاتەوە، ئینجا پێیان ووتن کە هەرچی پارەوپول و زێرو تەلەفۆنەکانیان رادەست بکەن. ئینجا چەکدارەکانی داعش داوایان لێکردن کە ببن بە موسوڵمان بەڵام پیری گوندەکە لە جیاتی هەمووان رەتی کردەوە کە ئاین بگۆڕن. دووای ئەوە چەکدارەکانی داعش پیاوەکانیان خستە نا ئۆتۆمبێلەکانەوە کە هەر گروپێك پەنجا کەس دەبوون. ئەم شایە تحالە ووتی کە ئەو لەگەڵ گروپی یەکەم بوو. هەروەها ووتی کە لە دووری ٣٥٠ مەتر لە گوندکە ئۆتۆمبێلەکە لە کێڵگەیەك راوەستا وە فەرمانیان کرد کە

---

[22] سەیری هامشی ژ. ٤ بکە لەسەرەوە

[23] نازناوێکە لەلایەن داعشەوە بەکاردێت بۆ ئەو سەرکردانەی کە خۆیان سە پاندووە.

هەموویان دانیشن و چەکدارەکانیش لە پشت سەریانەوە ڕاوەستابوون وە یەکێکیش بە ڤیدۆ وێنەی دەگرتن. ئینجا ئەمیرەکەی داعش فەرمانی تەقەکردنی دا. ئەم شایە تحالە دوو فیشەگی بە قاچی ڕاست و یەکێکی بە قاچی چەپی و یەکێکیشی بە پشتی کەوتبوو، وە خۆی وەك مردوو نیشاندابوو. دووای نزیکەی پازدە دەقیقە چەکدارەکان ڕۆیشتن و ئەم شایە تحالەش ووتی کاتێك سەرم بەرز کردەوە بینیم کوڕە پانزە ساڵەکەم و دوو لە برازاکانم کوژرابوون. لەو کاتەی کە هەوڵی دەدا کە لەسەر سك خۆی بخزێنێتە ناو کێڵگەیەکی تر بینی کەوا هەشت کەسی تریش وا بەسەر سك بە ئاڕاستەی جیادا دەڕۆن. هەر لە کێڵگەیەکی تری نزیکەوە بینی کەوا چەکدارانی داعش وا خەریکن گرووپێکی تر گوللەباران دەکەن وە ئەو گوێی لە هاوارو ڤیژەی ژن و منداڵەکانیش دەبوو، دوواتر شۆفەڵەکان هاتن خۆلیان بەسەر تەرمەکاندا کرد.

چەند شایە تحاڵێکی تریش باسیان لەوە کرد کەوا باوەڕیان بە قسەکانی ئەندامانی داعش کردووە لەوەی کە ئەگەر بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان کەس ئازاریان نادات. زۆرێك لە هاولاتیان باوەڕیان بەم قسانە کردو گەڕانەوە. بۆ نمونە یەکێك لە شایە تحاڵەکان ووتی کەوا دووای ئەوەی داعش لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا گوندی وەردیەی کۆنترۆلکرد کە ٢٠ چەکدار دەبوون بە دانیشتوانەکەیان ووت کە ئەوان ئازاری خەڵکی سڤیل نادەن. بەلاّم هەر ڕۆژی دوواتر بینی کە چەکدارەکان تەقەیان لە سێ کەس کرد کە باوك و کوڕێك و کوڕێکی دراوسێیان بوو. دوواتر ئەم شایە تحاڵە کە ئافرەت بوو لەڕێگای ڕاکردنی بۆ چیای شنگال دەستگیر دەکرێت.

دووای چەند مانگێك ئەم شایە تحاڵە لە گوندی حی ئەلخەزرە لە قەزای تلعفر دەستبەسەر بوو کە گوندێکی چۆلکراوی شیعەکان بوو. چەند خێزانێکی ئێزیدی توانیان دەرباز بن، ئەوەبوو دوواتر ئەمیرێکی داعشی عیراقی هەموو پیاوەکانی لە مزگەوتدا کۆکردەوە وە هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە ئەگەر بێتو کەسی تر ڕابکات ئەوا هەموو پیاوەکان دەکوژن و ژن و منداڵەکانیش دەبەن. هەر بۆ ڕۆژی دوواتر سێ خێزانی تری ئێزیدی ڕایانکرد، ئەمیرەکەش هات هەموو پیاوەکانی لە مزگەوت کۆکردەوە کە هاوسەر و براکەی شایە تحاڵەکەو دوو ئامۆزای لەنێویان دابوون، ئینجا ئەم پیاوانەیان خستە ناو لۆری درێژەوە. وە هەموو ژن و منداڵەکانیشیان لە حەوشی مزگەوتەکەدا کۆکردەوە کە بەگوێرەی پێناسەی شایە تحاڵەکە ئەندامەکانی داعش قژو ڕیشیان درێژ بوو بەرگی ئەفغانیان لەبەردابوو وە زۆربەشیان بە زاراوەی عەرەبی سوری قسەیان دەکرد. ئەمەو دوواتر ئەمیرەکەی داعش پێی ووتن کە هەر ٦٠٠ پیاویان کوشتووە، دووای ئەوە ژن و منداڵەکانیان کە شایە تحاڵەکەش لەنێویاندا بوو کردە نێو چەند پاسێکەوەو بردیانن بۆ قوتابخانەیەك لە تلعفر. دوواتر ئەم شایە تحاڵەیان بردووە بۆ سوریاو لەوێ فرۆشتوویانە پێش ئەوەی بتوانێت ڕابکات وە لەم کاتەوەش هێچ هەواڵێکی لە خزم و کەسوکارەکەیەوە نەبیستۆتەوە.

شایە تحاڵێکی تریش باسی لەوە کرد کە لە گوندنشینەکان گوێی لێبوو گوایە داعش ووتویانە کە ئازاری کەس نادەن، بۆیە ئەوەیش لەگەڵ کوڕەکەی بڕیاریان دا کە بگەڕێنەوە ناوچەکەی خۆیان بەلاّم لە ڕێگادا بینیان کەوا چەکدارانی داعش خەڵکێکی زۆریان ڕاگرتووەو ژن و پیاوەکان لەیەکتر جودا دەکەنەوەو دوواتر زۆربەی پیاوەکانیان کوشت، دوواتر ئەم شایە تحاڵەو کوڕەکەی لە گوندی وردیە دەستگیر دەکرێن و دەبرێن بۆ تلعفر کە لەوێ لەگەڵ ٦٠٠ پیاوی دیکە لە هۆڵێکدا دەستبەسەر دەکرێن کە هەموویان خەڵکی شنگاڵ و دەوروبەری بوون. ئەم شایە تحاڵە ووتیشی کە هەر جارەو چەکدارەکانی داعش دەهاتنە ناو هۆڵەکە شەش حەوت کەسیان هەڵدەبژاردو دەیانبردنە دەرەوە دوواتر گوێیان لە دەنگی تەقە دەبوو، ئەمەو کۆی ٢٠ کەسیان بەم شێوەیە

برده دەرەوە. دوواتر دەهاتنەوەو پرسیاریان لە دەستبەسەرەکان دەکرد کە ئایا دەزانن ئەو کەسانەمان بۆ کوێ بردووە کەس نەیدەوێرا وەلاّم بداتەوە لەترسی ئەوەی نەوەك ئەوانیش بکوژرێن.

شایە تحالێکی تر باسی لەوە کرد کە دووای چەند حەفتەیەك لە گرتنیان لە گوندی سۆلاغ لە لایەن چەکدارانی داعشەوە شەڕ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو داعش دەستی پێکرد. داعش نزیکەی ٢٠ هاولاّتی سڤیلی لە خانوێکدا کۆکردەوە لەناو گوندەکەدا دووای ئەوەی خەڵکەکەی تر ڕایانکرد، دوواتر سێ لەم هاولاّتیانەیان بەبەرچاوی ئەوانی ترەوە بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك گولەباران کرد کە یەکێکیان بەووتەی شایە تحاڵەکە خەڵکی گوندی کۆچۆ بوو یەکێکی تریش خەڵکی تل قەسەب بوو.

دوو شایە تحاڵی تر باسیان لەوەکرد کە لە ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا چەکدارانی داعش گەمارۆی کێڵگەیەکیان دا لە نزیك گوندی تل عوزێر وە داوایان لەم خەڵکە کرد کە خۆیان لەوێدا حەشاردابوو کە یان ببن بە موسوڵمان یانیش دەکوژرێن. هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون کە نزیکەی ٢٠ پیاو دەبوون ڕەتیانکردەوە دەستبەجێ هەموویان کوژران کە فیشەکیان لەسەری دان، دوواتریش ژن وکچەکانیان هەموو خستە ناو ئۆتۆمبێلەکانەوەو بە گروپێکی گەورەتر کە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ کەس دەبوون بردیانن بەرەو موسل.

شایە تحالێکی تر باسی لەوە کرد کە دووای دوو ڕۆژ لە دەستگیر کردنیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە داوایان لێکرا کە ببن بە موسوڵمان، دووای ئەوەی کە کەسێکی تەمەن ٢١ساڵ ڕەتی کردەوە هێنایان و لەبەردەم ئێزیدیەکانی ترەوە فیشەگێکیان نا بەسەریەوەو کوشتیان.

زۆربەی ئەو هاولاّتییە ئێزیدیانەی کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیردەکران و هەوڵی ڕاکردنیان دەدا دەکوژران. بۆ نمونە زۆربەی شایە تحاڵەکان لە نێویشیاندا ( یەکێك لە کەسوکاری قوربانیەکان ) باسی لەوە کرد کە دوو هاولاّتی ئێزیدی لە کاتی ڕاکردندا لە گوندی کسر میحراب لە قەزای تلعفر دەستگیر کرانەوە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژران. ئەمەو داعش بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە هەر کەسێك هەوڵی ڕاکردن بدات ئەمە مەصیری دەبێت.

چەندین لە شایە تحاڵەکان لیستی ناوی کەسوکاری خۆیان بە یونامی و کۆمیسیۆن داوە کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون کە نازانرێ تا ئێستا بە وونبوویی ماونەتەوە یانیش لەلایەن داعشەوە کوژراون.

### ٥ - توندوتیژی سێکسی / بەکۆیلەکردنی سێکسی

دووای دەستگیرکردنی هەزاران لە هاولاّتیانی سڤیلی ئێزیدی، داعش هەڵساوە بە جوداکردنەوی پیاوان لە ئافرەت و منداڵان بەشێوەیەکی سیستەماتیکی، وە زۆربەی کاتەکانیش دووای دەستگیرکردنی ئافرەت و منداڵ داعش کچە گە نجەکانیشی بردوون بۆ شوێنی تر. ئەمەو زانیاری شایە تحاڵەکان وای دەردەخات کەوا داعش تەنها کچەکانی خوار تەمەن هەشت ساڵی لەگەڵ دایکیان هێشتۆتەوە، بەلاّم ئەوانەی سەرووی هەشت ساڵی بردوون. هەروەها ئەو ژنانەی کە منداڵی ساواو یان دووگیانیش بوون بەدەر نەبوونە لە توندوتیژییە سێکسیەکان لەلایەن ئەندامانی داعشەوە.

هەروەها داعش خودی خۆی ئەمەی دووپات کردۆتەوە کەوا بەکۆیلەکردنی سێکسی ڕێگە پێدراوە بەرامبەر بە دیلە ئافرەتەکان، وە داعش ئەوانی بە کۆیلەو دەستکەوتی جەنگ ناوبردووە لە بەیاننامە فەرمیەکانیدا[24]، بۆ نمونە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دا داعش نامیلکەیەکی دەرکردووە بە ناوی " پرسیارو وەڵام دەربارەی بەکۆیلە کردن و ڕفاندن " ئەمەو ئەم نامیلکەیە باس لەوە دەکات کە ڕێگە پێدراوە ئەگەر بێت و سێکس لەگەڵ کچێکی خوار تەمەنی یاسایی بکرێت، وە کۆیلەکانیش بە موڵکی خاوەنەکانیان دادەنرێن وە دووای مردنی خاوەنەکان ئەوا بەسەر وەریسەکاندا دابەش دەکرێن[25].

لە دۆکۆمێنتێکی تریشدا کە هەر لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دا دەرچووە نرخی ئافرەت و منداڵە دیلەکان دەستنیشان دەکات :( ٣٠٠,٠٠٠ ) دیناری عیراقی بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان ساڵێك بۆ ٩ ساڵە ،( ١٥٠,٠٠٠ ) دینار بۆ ئەو کچانەی کە تەمەنیان لە ١٠ بۆ ٢٠ ساڵ بێت، وە( ١٠٠,٠٠٠ ) دینار بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵەوەیە، وە( ٧٥,٠٠٠ ) دیناریش بۆ ئافرەتانی نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵێن وە( ٥٠,٠٠٠ ) دیار بۆ ئافرەتانی تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵ، هەروەها لە دۆکۆمێنتەکەشدا هاتووە کە تەنها چەکدارە بیانیەکانی کە خەڵکی تورکیا و سوریاو وولآتانی کەنداون بۆیان هەیە سێ کۆیلە بکڕن لەیەك کاتدا.

شایە تحاڵێکی تر کە ئافرەت بوو باسی لەوە کرد کە هەر لەدووای دەستگیرکردنیان بە چوار ڕۆژ کچە گە نجەکانیان لە ئافرەتە بەتەمەنەکان جوداکردەوە, کە دوو لە کچەکانی ئەویشی لەگەڵ دابوو تەمەنیان ١٣ و ١٤ بوو. پیاوەکانیش بەهەمان شێوە جودا کرانەوەو ناوەکانیشیان تۆمارکردن. شایە تحاڵێکی تریش باسی لەوە کرد دووای ئەوەی کە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەستگیر کران گوازرانەوە بۆ قوتابخانەیەك لە تلعفر. لەبەر دەرگای قوتابخانەکەدا پیاوەکانیان بەزۆر و بەلێدان خستە نا ئۆتۆمبێلێکەوە. ئافرەت و منداڵەکانیشیان بردە ناو بینای قوتابخانەکە وە بینیمان کە چەکدارەکانی داعش پیرۆزبایییان لەیەکتر دەکرد بەوەی کە ئەم ژمارە زۆرەیان لە ژن و کچ دەسکەوتووە. لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا ناوی هەموو ئافرەتەکانیان تۆمار کردو و کچە عازەبەکانیشیان لە ئەوانە جیاکردەوە کە شویان کردووە.

ئافرەتێکی دیکەش باسی لەوە کرد کە دووای ئەوەی لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا هاوسەرەکەی و ٣ کورەکەیان لێی جیا کردەوە لە شاری شنگال، چەکدارانی داعش دەستیان کرد بە لێك جوداکردنەوەی کچە عازەبەکان و ژنەکان، ئەم پرۆسەیە نزیکەی ٥ کاتژمێری خایاند وە نزیکەی ٥٠٠ کچی عازەبیان برد، کە کچە ١٣ ساڵانەکەی ئەویش لەنێویاندا بوو. دوواتر کچەکەیان بردووە بۆ هۆڵێك لە شاری موسڵ کە "پڕی بووە لە کچی گەنج" وە دووای حەوت ڕۆژ کچەکەی فرۆشراوە بە چەکدارێکی داعشی عیراقی لەناو بینای کۆنی دادگای موسڵ بە ١٠٠٠ دۆلار.

زۆربەی کات ئافرەتەکان لە بینای گەورەدا بەند دەکران وەکو، بینای قوتابخانەو شارەوانی و بەندینخانەکان. وە ئەندامانی داعشیش دەهاتن بە لێدان و قژ ڕاکێشان کچەکانیان دەبردە دەرەوە بۆ دەستدرێژی و لاقەکردن. ئافرەتێکی بەتەمەن کە لە هۆڵێکی گەورەدا لە موسل لەگەڵ ٩٠٠ ئافرەت و کچی دیکە دەستبەسەر بووە دەگێڕێتەوە و دەڵی ژماردویەتی کە ئەندامانی داعش

---

[24] لەمەیاندا داعش گەڕاوەتەوە بۆ ئەم ئایەتە " ماملکت ایمانکم" واتە ئەوەی کە بەدەستی ڕاستتان وەدەستی دێنن سەیری گۆڤاری دابق بکە ١٤٣٥ , لە ژ٤ دا، " الحملە الصلیبیە الفاشلە" لا پەڕە ١٤ کە لەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە
http://media.clarionproject.org/files/islamic-state/islamic-state-isis-magazine-Issue-٤-the-failedcrusade.pdf

[25] ئەم دۆکۆمێنتە لە وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەوە لەم سایتەی خوارەوەدا وەرگێراوە
https://www.hrw.org/news/٢٠١٥/٠٩/٠٥/slavery-isis-rules

٧٦ کچیان لەم شوێنە بردووە کە هەندێکیان لەتەمەنی پێنج ساڵیدا بوونە. زۆر لە ئافرەتەکان وا نیشانیان دەدا کە شویان کردووە هەندێك جار براکانی خۆیان دەکردە هاوسەر تەنها بۆ ئەوەی پارێزگاری لەخۆیان بکەن لەوەی کە بەسەر چەکدارەکانی داعشدا دابەش نەکرێن.

ئافرەتێکی تر کە گوازرابۆوە بۆ بەندینخانەیەك لە تلعفر باسی لەوە کرد کە شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو وە پری بوو لە گیراوە ئێزیدیەکان. لە ئێوارەیەکدا چەند چەکدارێك کە بەزاراوەی عەرەبی سوری قسەیان دەکرد هاتنە ناو ئەم ژوورەی کە ئەوی لێبوو کە دایکێك و دوو کچیشیان لەگەڵدا بوو، چەکدارەکان چەقۆی گەورەیان لەدەست دابوو وە ویستیان ئەو دوو کچە کە تەمەنیان ٢٠ و ٢٣ساڵ دەبوو ببەن بەڵام ئەوان بەرگریان لەخۆیان کرد ئەوەبو یەك لە چەکدارەکان چەقۆکەی لەسەر ملی دایکەکە داناو ئەوەی تریشیان بەبەر چاوی دایکیەوە یەکێك لە کچەکانی لاقە کرد دووای تەواو بوونی چەکدارەکان شوێنی خۆیان گۆریەوەو ئە مجارە ئەوەی تریان کچەکەی تری لاقە کرد.

شایە تحاڵێکی تری ئافرەت باسی لەوە کرد کە دووای دە مانگ لە بەدیلگرتنی لە قەزای تلعفر. لەگەڵ گروپێکی تر بە پاس دەیانبردن بۆ موسل و دەیان گەڕاندنەوە، لە ڕێگادا ڕاوەستان وە نزیکەی ٥٠ ئۆتۆمبیلی بینی کە پیاوەکان بەرگی سپی درێژی شێوازی وولاّتانی کەنداویان لەبەردابوو. ئەم پیاوانە هاتنە ناو پاسەکان و چەند کچێکیان هەڵبژارد. وە هەندێك لەم پیاوانە بەدار لەم دایکانەیان دەدا کە هەوڵی ئەوەیان دەدا نەهێڵن کچەکانیان ببەن. هەروەها ئەم پیاوانە پێش ئەوەی شوێنەکە جێبهێڵن پارەیان بە چەکدارەکان دەدا.

یەکێك لەم ڕزگاربووانەی کە بۆ ماوەی ساڵێك و حەوت مانگ لەلایەن داعشەوە بەکۆیلە کرابوو بۆ لێکۆلەرەوەکانی مافی مرۆڤی باس کرد کە چۆن چەکدارەکانی داعش لێان داوە کاتێك کە نەیهیشتووە کچە ١٣ ساڵیەکەی لیّ بڕفێنن، ئەو ووتی زۆر هاوارم کردوو لێیان پاڕامەوە تا واز لە منداڵەکەم بێنن. وە کاتێك کە دەستی منداڵەکەی توند گرتووە یەکێك لە چەکدارەکان زۆر بە توندی لەدەستی داوەو دەستی شکاندووە و کچەکەشی ڕفاندووە. ئەم ئافرەتە هەروەها باسی لەوەش کرد کە لەدووای ڕزگاربوونیەوە شەوانە لە خەودا مۆتەکەی ئەم داعشە دەبینێت کە دەستی شکاندو منداڵەکەی لیّ ڕفاند. ئەمەو زۆربەی ئەوانەی کە چاو پێکەوتنمان لەگەڵدا ئە نجام دان باسیان لەوە دەکرد کە لەکاتی گرتنیاندا کچەکانیان لێبردوون.

هەروەها دوو ئافرەتی تر باسیان لەوە دەکرد کە ئەوەان بە بەردەوام لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرانەوە، لە نێو ئەم شوێنانەشدا گوندی کسر محراب لە قەزای تلعفر کە ئافرەتە ئێزیدیەکان بە بەردەوام لەم شوێنەدا لاقە دەکران و توندوتیژی سێکسیان بەرامەر ئە نجام دەدرا. دووای نزیکەی ١١ مانگ لە دەستبەسەری گوازراینەوە بۆ شوێنێك لە ڕەقە لە سوریا کە نزیکەی ٤٠٠ ئافرەتی تری لێبوو، داعش ئەم ئافرەتانەی هەموو لەژێر زەویدا کە شوێنی وەك تونێل بوون بەند کردبوو، کە بۆماوەی ٤ یان ٥ مانگ هیچ خۆریان بەر نەکەوتووەو خواردن و خواردنەوەی ئەوتۆشی پێنەداون. ئەم دوو ئافرەتە باسیان لەوەش کرد کەزۆربەی ئەو منداڵانەی لەم شوێنەدا دەستبەسەر بوون دووچاری توندوتیژی سێکسی و کوشتن بوونەتەوە، ئەمەو زۆربەی ئەم منداڵانە تاکو ئێستاش کاریگەری ئەم ڕووداوەیان بەسەرەوە ماوەتەوە وەکو ، ماندووبوونی زۆر و خەو زڕان و دڵەڕاوکیّ و نەبونی تەرکیز.

ئافرەتێکی تر باسی لەوە کرد کە دووای ئەوەی چەند هاوڵاتیەکی ئێزیدی کە لە گوندە چۆلکراوەکەی شیعەکان دەسبەسەر بوون لە تلعفر توانیان ڕابکەن، ئەوە بوو دوواتر چەکدارەکانی داعش هاتن و هەموو ئافرەتەکانیان بە پاس بردە بینای قوتابخانەیەك لە تلعفر. دوواتر هەندێ ئەندامی تری داعش کە بەباوەڕی ئەو بە زاراوەی عەرەبی سوری قسەیان دەکرد هاتن بۆ کڕینی کچەکان.

دووای ئەوەی سواری سێ پاسیان دەکەن پێیان دەڵێن کە ئێوە هەمووتان فرۆشراون بە چەکدارەکانی داعش لە سوریا، کچە ١١ ساڵانەکەی ئەم شایە تحاڵەو هەموو کچەکانی تری سەرووی نۆ ساڵیان برد بۆ شوێنێکی تر. لەم قۆناغەدا کچەکانی تری لەگەڵیدا مابوونەوە. دووای سێ ڕۆژ لە گەشتکردن، ئافرەتەکانیان خستە ناو ژورێك لەژێر زەمینەوە کە تا سەر چۆکیان ئاوی پیسی تێدا بوو، دوواتر داعشەکان داوایان لێکردن کە بێن بۆ ناو تۆمارکردن کاتێك کە ڕەتیشیان کردەوە پێیان ووتن کە خۆراك و شیریان پێنادەن بۆ منداڵە ساواکانیان. دووای شەش ڕۆژ لەم شوێنە گوازرانەوە بۆ بەندینخانەیەك لە ڕەقەی سوریا. دوای سێ مانگیش ئەم شایە تحاڵە ووتی کە بە زۆری سواری پاسێیان کردم و منداڵە سێ ساڵانەکەشیان لێبردم دووای ئەوەی کە ویستم ڕێگریان لێبکەم لێیان دام.

ئەم شایە تحالە بە هەمان شێوە گێڕایەوەش کە چۆن بردویانە بۆ تدمور و لەوێ دووبارە ناویان تۆمار کردۆتەوە. وە هەموو ئێوارەیەك سەرپۆشەکەیان لەسەر لاداوەو بەبەردەم کۆمەڵە پیاوێکدا هاتو چۆی کردووە لە هۆڵێکی گەورەدا، هەروەها ووتیشی کە یەکێك لە داعشەکان هاواری دەکرد " موڵکێکی هەرزا نمان هەیە" . دووای ئەوە ئەم شایە تحالە ووتی کە منیان فرۆشت بە پیاوێکی تورك وە دووای مانگێك ئەویش دووبارە فرۆشتمیەوە بە پیاوێکی سوری. شەوێکیان یەکێك لە هاوڕێکانی ئەم پیاوە هات و ویستی کچە حەوت ساڵیەکەم ببات، دووای ئەوەی کە توانیبووی بەهەر شێوەیەك بێت کچەکەی ڕزگار کردبوو هەڵسا بە بڕینی قژ و برژانگی کچەکەو دڕاندنی جلوبەرگەکانی و داپیەریشی بۆ داناوبوو بۆ ئەوەی بەشێوازێکی وا دەربچێ کە نەخۆشی دەروونی هەیە تەنها بۆ ئەوەی وازی لێبێنن.

دوواتر ئەم شایە تحاڵە بەدیاری دراوە بە پیاوێکی سوری تر، دووای ئەوە فرۆشراوەتەوە بە چەکدارێکی تونسی، ئەویش فرۆشتیتیەوە بە چەکدارێکی سعودی، دووای سێ مانگ ئەم سعودیەش دەیفرۆشێتەوە بە یەکێکی میسری، کە ئەمەی دووایيان هەوڵی ئەوەی داوە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە خۆی و کچەکەی لاقە بکات، ئەم ئافرەتە باسی لەوەش کرد کە چەندین جار بیری لەوە کردۆتەوە کە منداڵەکانی و خۆشی بکوژێت. ئەم شایە تحاڵە باسی لەوە کرد کە زۆر جار بە سۆندە لێیدەدرا تاکو لەهۆش خۆی دەچوو وە ئەم شتەش ڕۆژانە دووبارە دەبۆوە. ئەم ئافرەتە لەلایەن ژنی چەکدارەکەوە یارمەتی دراوە. لە کۆتاییدا ئەم شایە تحاڵە لە ڕێگای چەند قاچاخچیەکەوە ڕایکردووە.

ئافرەتێکی تر باسی لەوە کرد کە دووای دوو ڕۆژ لە دەستگیرکردنی لە دایك و باوك و هاوسەرو کەسوکارەکەی جوداکراوەتەوە، وە دوو کچەکەی کە تەمەنیان چوار ساڵ و شەش ساڵ بوو لەگەڵ خۆیدا ماونەتەوە. دوواتر لەگەڵ چەند ئافرەتێکی تر کە دووگیان بوون و منداڵیان هەبوو بردویانن بۆ تلعفر، وە لەوێشەوە کچە عازەبەکانیان دەبردن بۆ شوێنێکی تر. ئەم ئافرەتە ووتی کەوا چەندین جار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گوازراوەتەوە تا دوواجار لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ دا بردویانە بۆ ڕەقە لە سوریا لەگەڵ چەند ئافرەتێکی تر کە لەوێدا لەژێرزەمینێکدا بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەند کراون کە ئەوەندە پیس بوو ئاو دەگەیشتە چۆکیان.

هەروەها ووتی کە ئافرەتەکانیان دەبردن بۆ بازاری کۆیلەکان ( سوق السبایا ) کە بازارێك بوو بۆ فرۆشتنی ئافرەتە کۆیلەکان. منداڵە تازە لەدایك بووەکەی لێدەستێنن و دووایی لەگەڵ دوو کچەکەیدا دەیانبەن بۆ شاری تدمر. وە لەوێش دەفرۆشرێت بە چەکدارێکی تەمەن ٢٦ ساڵانی سوری کە بەبەردەوامی بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لاقەی کردووە و هەڕەشەی ئەوەشی لێکردووە کە ئەگەر خۆی بەدەستەوە نەدات ئەوا کچەکانی دەکوژێت. دوواتر ئەم ئافرەتە توانیویەتی خۆیو کچەکانی ڕابکەن بەڵام لە یەکێك لە بازگەکاندا دەگیرێت بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەبێ نان و ئاو لە ژورێکدا بەندی دەکەن.

دووای ئەوەی کە زۆری لێدەدەن دەیفرۆشنەوە بە چەکدارێکی سعودی کە بەبەر چاوی کچەکانیەوە لاقەی دەکات. دووای هەشت ڕۆژ ئەم پیاوەش دەیفرۆشێتەوە بە پیاوێکی تری سعودی ٦٠ ساڵان کە ئەویش لاقەی دەکات. دووای ١٥ ڕۆژی تر دەیبەن بۆ ماڵی پیاوێکی تر کە چەکداری داعش بوو, ئەم پیاوە لاقەی دەکات و خواردنیش نادات بە منداڵەکانی. ئەم ئافرەتە دوو جاری تریش دەفرۆشرێتەوە جارێکیان بە پیاوێکی فەلەستینی کە هەڕەشەی ئەوەی لێدەکرد دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکانی ئەگەر بێت هەوڵی ڕاکردن بدات. وە دووای فرۆشراوە بە پیاوێکی سوری کە وەکو کارەکەر لەماڵەکەی خۆیدا کاری پێدەکرد وە وای کرد لەگەڵ کوڕەکەیدا یەکتر ببیننەوە کە بردبوویان بۆ رەقە. دوواتر فرۆشراوە بە پیاوێکی تری قەتەری کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە دەیفرۆشێتەوە بە قاچاخچیەك.

هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لەلایەن ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی (یونامی) چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە باسیان لەوە کردووە کە لەنێوان ٣ بۆ ١٩ مانگ دەستبەسەر بوونە. وە تەنها ژمارەیەکی کەمی ئافرەتە ئێزیدیەکان ئازادکراون ئەوانیش ئەوانەی کە بەتەمەن و پەککەوتەو نەخۆش بوون لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ دا. ئەمەو یەکێکی تریش توانی لە گوندێك لە تلعفر ڕابکات.هەروەها چەندین ئافرەتیش بە یارمەتی قاچاخچیەکان ئازاد کراون کە خانەوادەکانیان بڕێك پارەیان داوە.

## ٦-گۆڕی بە کۆمەڵ

لەدووای ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکان لە باکوری موسل و پاککردنەوەیان لە داعش. چەندین شوێن دۆزراوەتەوە کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان گۆڕی بە کۆمەڵی تێدایە. هەریەك لە نێردەی یونامی و کۆمیسیۆنی باڵا چەندین ڕاپۆرتیان پێگەیشتووە دەربارەی شوێنی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە کە لە چەندین ناوچەی جیاجیای قەزای شنگال و ناوچەکانی تری تلعفر موسل دۆزراونەتەوە. ڕێکخراوێکی ناحکومی چەندین شوێنی گۆڕی بەکۆمەڵی دەستنیشان کردووە کە پێدەچێت ئەو هاوڵاتیانەی تێدا شاردرابێتەوە کە لە شنگال دەستگیر کرابوون، هەروەها چەندین شوێنی تریش هەن کە تا ئێستا لەژێ کۆنترۆلی داعشدا ماونەتەوە.[٢٦]

بەهۆی زۆری شوێنەکان و نەبوونی سەرچاوەو خەڵکی پسپۆر، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە تەواوی پارێزگاری و هەڵکەندن لەم گۆڕە بەکۆمەڵانەدا بکات. وە تاکو هەڵکەندنێکی تەواو بۆ ئەم گۆڕانە نەکرێت نازانرێت کە چەند تەرمن و ناسنامەکانیشیان نازانرێت چونکە لەوانەیە ئەم بەڵگانە یارمەتیدەر بن بۆ دەسنیشانکردنی تاوانبارەکان. هەروەها باس

---

[٢٦] پڕۆژەی یەزدا بۆ دۆکۆمێنتکردن، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئێزیدیەکانی کە بەدەستی دەوڵەتی ئیسلامی و هێزە پاڵپشتیەکانیانەوەکوژراون لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ وە تا ٢٨ کانونی دووەمی ٢٠١٦ لەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە. http://www.yazda.org/yazda-issues-public-report-on-yazidi-mass-graves-in-sinjar-shingal/.

لەوەش دەکرێت کەوا خێزانی قوربانیەکان ئەم گۆرانەیان تێکداوە لەکاتی گەڕان بەدووای روفاتی کەس و کارەکانیاندا. هەوڵەکان بەردەوامن بۆ پارێزگاریکردن لەم گۆڕە بەکۆمەڵانانە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام هێشتا گرفتی نەبوونی سەرچاوە هەیە.

## ٧-هاوکاری بۆ ڕزگاربووەکانی ئێزیدی و خانەوادەکانیان

زۆربەی ئەم کەسانەی کە لەلایەن نێردەی یونامی و کۆمیسیۆنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە باسیان لە پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی کردووە. پێداویستییە سەرەکیەکانی وەکو شوێنی حەوانەوەو تەندروستی و پەروەردە لە کامپی ئاوارەکانی ناوخۆدا لەڕێگای چەندین ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش دەکرێت. بەڵام پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ڕزگاربووەکانی ژێردەستی داعش بەگوێرەی پێویست نەبووە. هاوکاری دەروونی بوونی نییە- وە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانی نێردەی یونامی و کۆمیسیۆن لەگەڵ ڕزگاربووەکان و شایە تحاڵەکان بۆمان دەرکەوتووە کە خەڵکێکی زۆر لە ئافرەت و منداڵ و پیاویش دووچاری فشاری دەروونی بوونەتەوەو پێویستیان بە یارمەتییە.

کاتێك ئەم قوربانیانەش لەژێر دەستی داعش رزگاریان دەبێت هیچ بەرنامەیەکی فەرمی نییە بۆ ئەوەی هاوکاری سایکۆلۆجی و تەندروستی و پێداویستیەکانی تر پێشکەش بەم کەسانە بکات. ئێزیدیەکان زیاتر اعتیمادیان لەسەر کۆمەڵگاو نێتۆرکە نافەرمیەکانی تر کردووە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ کەسوکارەکانیان لە شوێنی حەوانەوەو لە کەمپەکان و گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی تر ئەگەر هەبێت. چەندین ئافرەت باسیان لەوە کردووە کە کاتێك سەردانی سەنتەرەکانی تەندروستیان کردووە تەنها پشکنینە سەرەتاییەکانیان بۆ کراوە وەکو، پشکنینی خوێن وە هیچ هاوکاریەکی تریان نەکراوە. زۆرێك لەم ئافرەتانە داوای یارمەتی دەرونیان بۆ منداڵەکانیان دەکرد بەهۆی ئەو نەهامەتیانەی کە لەکاتی گرتنیاندا بەسەریان هاتووە. ئەمەو یەکێك لەم ئافرەتانە باسی لەوە کرد کە تاکو ئێستا ٢٠ جار لەلایەن ڕێکخراوەکان و ئاژانسەکانی میدیاوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام دراوە بەڵام هەمووی بێفایدە بووە کەس هاوکاری خۆی و منداڵەکانی نەکردووە.

## ٨- پوختەو پێشنیارەکان

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ( یونامی ) هەروەها ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ( کۆمیسیۆنی باڵا ) بەردەوامن لە کۆکردنەوەو بەدۆکۆمێنتکردنی بەڵگەکانی تاوانە ترسناکەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کە لەدژی پێکهاتەی ئێزیدی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعشدا ئەنجامدراوە. کە بریتی بووە لە کوشتن و بەزۆر ئاین پێگۆڕین و ڕفاندن و بەکۆیلەکردن و توندوتیژی سێکسی و جەستەیی و ئەشکە نجەدان، هەروەها گەمارۆدانی پێکهاتەیەکی تەواو لەسەر بنەمای ئیتنی و ئاینی و ڕەگەزی[٢٧]. هەروەها تێکدانی مەزارو شوێنە ئاینیەکان و کەلتووری ئێزیدیەکان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوو ئەنقەست ئەنجامدراوە. بەهەزاران ئافرەت و منداڵ و پیاوی ئێزیدی دیانەماون یان ڕفێنراون یانیش ئاوارە بوون.

---

[٢٧] پێشتر لە ڕاپۆرتەکانی یونامی\ کۆمیسیۆندا بلاوکراوەتەوە، بۆ نمونەش سەیری ڕاپۆرت بکە دەربارەی پاراستنی مەدەنیەکان لە کێشە چەکداریەکاندا لە عیراق ، لە ٦ی حوزەیران – ١٠ ی ئەیلولی ٢٠١٤ لا پەڕە١٣ لەم لینکەدا
http://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_OHCHR_POC_Report_FINAL_٦July_١٠September٢٠١٤.pdf

هەروەهەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئێزیدیەکان دووچاری گەلێك پێشێلکاری گەورە بوونەتەوە لەژێر دەستی داعشدا، هەروەها ئەم هەموو توندوتیژی و پێشێلکاریانەی لە یاسای مرۆیی و نێودەوڵەتی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی کە بە ووردی لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوەکراوە هەمووی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو ئەنجامدراوە وە لەوانەشە بگاتە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و بگرە جینۆسایدیش.[28]

هەروەك لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، پێکهاتەی ئێزیدی دووچاری پێشێلکاری و توندوتیژیەکی زۆر بونەتەوە لەژێر دەستی داعشدا. وە ئەمەی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە بەشێوەیەکی نەخشە بۆدانراوو بەرفراوان بووە، بە ئاما نجکردنی هاولاتیانی سڤیلی ئێزیدی وەك پێکهاتەیەك، لەوانەیە بگاتە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و بگرە جینۆسایدیش. لەکاتێکدا نیەت لە ئەنجامدانی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید لە خودی ڕێکارەکانەوە دەردەکەوێت، داعش نیەتی خۆی پێشانداوە بە لەناوبردنی یانیش بەزۆر ئاین پێگۆڕینی ئێزیدیەکان. لە زۆربەی کەیسەکانیشدا نیەتی لەناوبردن و تێکدانی پێکهاتەی ئێزیدی وەك گروپێك نەك تەنها لە خودی کارەکاندا بەدیار کەوتووە بەڵکو لە بەیاننامەکانیشیاندا داعش بەڕاشکاوی دەربڕیا نخستووە[29].

هەریەك لە نێردەی یونامی و کۆمیسیۆنی باڵا زۆر نیگەرانن لە بارودۆخی مەدەنیەکان لەناوچەکانی ژێردەستی داعش. بەتایبەتیش ئەو ٣٥٠٠ ئافرەت و پیاوە ئیزیدیانەی کەوا تا ئێستا لەلایەن داعشەوە بەدیل گیراون هەوەها ئەندامانی چەندین پێکهاتەی ئاینی و ئیتنی تریش. پێویستە هەوڵەکان بخرێنە گەڕ لەلایەن حکومەتی عیراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بتوانن بە سەلامەتی ئەم خەڵکە سڤیلە ئازاد بکەن. هەروەها پێداویستی تەندروستی و هاوکاری سایکۆلۆجی بە شێوەیەکی یەکسان و دەستبەجی پێویستە بۆ هەمووان، بەتایبەتیش ڕزگاربووە ئافرەتەکانی کە کرابوونە کۆیلەی سێکسی و توندوتیژی سێکسی دەستی داعش. زیادلەوەش، پێویستە هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ دروستکردنی کەشوهەوایەکی ئەمین و شکۆمەند بۆ ئێزیدیەکان و هەموو ئاوارەکانی تری سەر بە پێکهاتەکانی دیکە بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

زامنکردنی لێپرسینەوە لە داعش و ئەندامەکانی دەربارەی هەموو تاوەنەکانی کە ئەنجامیانداون بەتایبەتی ئەو تاوانانەی کە بە تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێن لەدژی پێکهاتەی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تر ئیتنی و دینی تایبە تمەندی خۆی هەیە. لەهەمان کاتیشدا پێویستە لەسەر هەموو وولاتان کە ئەو کەسانە ڕادەست بکەنەوە کە بەڵگەیان لەسەرە بە ئەنجامدان و هاوکاریکردن لەم تاوانانە. هەروەها پێویستە حکومەتی عیراقیش دادگا ناوخۆییەکانی بەشێوەیەك ڕێکبخات کە دەسەڵاتی گونجاویان هەبێت بۆ بەرێوە بردنی دادگایی کردنی ئەم تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە لەم کێشەیەدا ئەنجامدراون. لە کاتێکدا ئەم تاوانانەی کەلەم ڕاپۆرتەدا دۆکۆمێنت کراون لەوانەیە بکەونە چوارچێوەی یاسایی ئەحکامەکانی یاسای سزای عیراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩، بەڵام دادگاکانی عیراق هیچ دەسەڵاتێکی دادوەرییان نییە بۆ دادگایکردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکانی کە

---

[28] پێشتر لە ڕاپۆرتەکانی یونامی\ کۆمیسیۆندا بلاوکراوەتەوە، بۆ نمونەش سەیری ڕاپۆرت بکە دەربارەی پاراستنی مەدەنیەکان لە کێشە چەکداریەکاندا لە عیراق ، لە ١١ی ئەیلول – ١٠ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٤ لا پەڕە ١٢ لەم لینکەدا
http://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_OHCHR_Sep_Dec_٢٠١٤.pdf

[29] سەیری هامشی ژ. ٤ بکە لەسەرەوە

لەعیراقدا ڕوویان داوە. زیادلەوەش عیراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بۆیە تاکو ئێستا نەتوانراوە فایلی ئەم کێشەیە بە پێی مادەی ١٢ ی نیزامی ئەساسی بنێرێت بۆ ئەم دادگایە.[٣٠]

نێردەی یونامی و کۆمیسیۆنی باڵا باوەڕیان وایە کە نەبوونی چوارچێوەیکی یاسایی ناوخۆ لە عیراق کە ڕێگە بدات بەوەی کە ئەندامانی داعش تۆمەتبار بکرێن و دادگایی بکرێن لەسەر تاوانە نێودەوڵەتیەکانی وەکو تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید بۆتە بەربەستێکی مەترسیدار لەبەردەم زامنکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیەکان و ڕزگاربووەکان لەم تاوانانەو بگرە گەلی عیراق بەگشتی.

## هەریەك لە نێردەی یونامی و کۆمیسیۆنی باڵا زۆر بە پەلە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەکەن:

**بۆ حکومەتی عیراق:**

١- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ پابەندیەکی تەواو بە یاسا نێودەوڵەتیەکانی کارپێکراو، لەنێویشیدا یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو توندوتیژی و پێشێلکاریەکانی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دەدرێن هەروەها پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کاریگەریەکانی ئەم جۆرە توندوتیژیانە.

٢- لێکۆلینەوەیکی ووردو کاریگەرو خێرا بکرێت لە هەموو بانگێشەکان و پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، لەنێویشیدا یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، وە بە پێی پێویستیش لێپێچینەوە لەم جۆرە کارانە بکرێت و هەموو ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانەش بلاَوبکرێتەوە.

٣- زامنکردنی مافی قووربانیەکان و کەسوکارەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەر و کاریگەر، لەنێویشیدا گەیشتن بە دادپەروەری بەشێوەیەکی یەکسان و قەرەبوکردنەوەی دەستبەجێ لەم زیانانەی کە پێیان کەوتووە.

٤- دامەزراندنی دەستەیەکی گشتی نیمچە دادوەری بۆ لێکۆڵینەوەو میکانیزمەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاریەکان و بەڵگەی تەواو لەسەر ئەم پێشێلکارییانەی کە لە میانی کێشەی چەکداری لە عیراقدا ڕوویانداوە. ئەمەش بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستیەکان، و کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەك کە یارمەتیدەر بێت بۆ حکومەتی عیراقی بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە وەلاَمدانەوەی بۆ چاودێریکردن و پاراستنی قوربانییەکانی ئەم پێشیلکاری و توندوتیژیانە، هەروەها کۆکردنەوەی بەڵگەکان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەنجامدەرانی تاوانەکان ببرێنە بەردەم دادگا، لەگەڵ هاوکاری کۆمەڵگاو ئاشتەوایی نیشتیمانی.

٥- خستنەگەڕی هەموو هەوڵەکان لەگەڵ سەرچاوەی پێویست بۆ زامنکردنی ئەوەی کە هەموو ڕزگاربووەکانی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژیەکان هاوکاری پزیشکی و دەروونی و کۆمەلاَیەتیان لەکاتی گونجاودا پێدەگات.

---

[٣٠] لە ٥ی ئایاری ٢٠١٦ دا بەڕێز محمد علی الحکیم نوێنەری دائیمی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد کە " میکانیزمێکی یاسایی نێودەوڵەتی تایبەت دابرێژن بۆ لێپێچینەوەو دادگایی کردنی تاوانبارانی داعش.
UN Security Council, ٧٦٨٩th Meeting, (٦ May ٢٠١٦), UN Doc S/PV.٧٦٨٩, ٥

٦- هەمووارکردنەوەی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ۱۱۱ ی ساڵی ۱۹٦۹ بۆ پێدانی دەسەڵات بە دادگا نیشتیمانیەکانی عیراق لە لێکۆڵینەوەو بەدوواداچوون بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکانی کە لەعیراقدا ئەنجام دراون.

٧- چوونە پاڵ ڕێکەوتننامەی ڕۆما بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. وەك هەنگاوێکی خێراش، بارودۆخی ئێسای عیراق بنێرێت بۆ دادگای ئیختصاص ، بەگوێرەی مادەی ۱۲ ( ۳ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکەوتننامەی ڕۆما.

٨- دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتێك بۆ گەڕانەوەی بەسەلامەتی و شکۆمەندانەو بە ویستی خۆ بۆ هەموو ئاوارەکانی ناوخۆ بۆ ناوچەکانی خۆیان بە پێی پێوەرەکانی مرۆیی.

٩- زامنکردنی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەگوێرەی بارودۆخی ئەمنی گونجاو، بە پێی پێویستیش ئەم گۆڕانە هەڵبکەنرێن و گرتنەبەری پێوەری باش بۆ دەرهێنانی تەرمەکان و پاراستنی بەڵگەکان بۆ ناسینەوەی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە. ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی دادوەری بۆ هەر یەك لەم گۆڕانە بۆ ناسینەوەی قوربانیەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانەکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ زانینی چۆنیەتی مردنی هەریەك لەم کەسانە. تاکید کردنەوە لەوەی کەوا کەسوکاری قوربانیەکان هۆکاری مردن و زانیاری تەواویان پێبدرێت لەگەڵ هەرقەرەبوویەکی مادی یان هەر هاوکارییەکی تر بێت.

١٠- هەماهەنگی لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی جینۆساید، و ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و دەسەڵاتەکانی تری کەوا هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکەن دەربارەی میکانیزمی برەودان و زامنکردنی لێپرسینەوە لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان.

١١- جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن لێژنەی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کۆماری سوریای عەرەبی کە لەڕاپۆرتی لێژنەکەدا هاتووە کە لە ۱۵ حوزەیرانی ۲۰۱٦ دا دەرچووە (A/HRC/32/CRP.2) [31]

**بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی :**

١- پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی مافی مرۆڤ برەو بە بابەتی لێپێچینەوە بدەن لە عیراق بۆ زامنکردنی ئەوەی کە تاوانبارانی هەموو توندوتیژی و پێشێلکاریە مەترسیداروکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

٢- پێویستە لەسەر وڵاتانیش کە هەموو هەوڵێك بدەن بۆ زامنکردنی ئەوەی کە هەر کەسێك بەڵگەی ئەوەی لەسەر بێت کە لە تاوانە نێودەوڵەتیەکاندا تێوەگلاوە لە عیراق، تۆمەتبار بکرێن ودادگایی بکرێن یانیش ڕادەستی وڵاتانی تر بکرێنەوە کە سیستەمی دادوەری تەواویان هەیە بەگوێرەی پرەنسیپی ڕادەسکردنەوەو دادگایی کردن.

٣- پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەموو هەوڵێك بدات بۆ دابینکردنی پێداویستی پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ قوربانیەکان و ڕزگاربووانی پێشێلکاری و توندوتیژییە زەقەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەرەچاوکردنی پێداویستییە تایبەتەکان و بەڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندار.

---

[٣١] لێژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی دەربارەی لیبیا , ڕاپۆرتی لێژنەی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی دەربارەی کۆماری عەرەبی سوری " هاتوون بۆ تێکدان" : تاوانەکانی داعش لەدژی ئێزیدیەکان، لە ١٥ ی حوزەیرانی ٢٠١٦ دا، A/HRC/٣٢/CRP.٢, para. ٢٠٩

٤- پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵەکانی بخاتە گەڕ لە گەیشتنی هەموو هاوکارییەك بۆ حکومەتی عیراق بۆ ئەوەی ئەمانیش بە ڕۆڵی خۆیان هەڵبستن بە دابینکردنی ئاسایش و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکانی ئەم کێشە چەکدارییە ناوخۆییەی کە لەئێستادا لە عیراق لە ئارادایە تاوەکو بتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان بە پێی پرەنسپە مرۆییەکان.

٥- دابینکردنی هەموو هاوکارییەکی دارایی و تەکنیکی بۆ عیراق لە هەوڵەکانی بۆ دەستنیشانکردن و هەڵکەندن و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ئەم شوێنانەی کە تاوانەکانی تێدا ئە نجام دراوە.

٦- پاڵپشتی هەموو هەوڵەکان بکرێت بۆ دامەزراندنی میکانیزمی تۆکمە بۆ داد پەروەری بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، لەڕێگای میکانیزمی دادوەری بەدیل و ئاشتەوایی نیشتیمانی و داد پەروەری ڕاگوزەر ( العداله الانتقالیه ).